كرێكارانی جیهان یەكگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندی كۆمەڵە

دەورەی دووهەم    ژمارەی ٢٠٦    نیوەی ئەووەڵی جۆزەردانی ١٣٨٤ _ ژوئەنی ٢٠٠٥

## بەیانییەی پلۆنومی هاوبەشی كومیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە

ڕەوتی ئێمە دەبێ پێداویستی‌یەكانی هەڵسوران لە ئاستی بەرینی عەلەنی و كۆمەڵایەتی دابین بكات. نابێ تەسلیمی بە فیرۆدانی هێز و وزە لە كەش وهەوایەكی بەرتەسك دا بێت. كێشمەكێشی سیاسی و چینایەتی ڕەوتە رادیكاڵ و سۆسیالیستەكان لەگەڵ ئەو ڕەوتانەی كە دەیانهەوێ چەوسانەوەی چینی كرێكار درێژەی هەبێ و دەسەڵاتی بۆرژوازی هەتاهەتایی بكەن، دەبێ لە بوارە بەرتەسكەكانی حیزبی و ڕێكخراوەیی و چالاكییەكانی لە تاراوگە بێتە دەرێ و بكێشرێتە نێو مەیدانی خەباتی شێلگیر و چارەنووس سازی نێو كۆمەڵگای ئێران و لە چارەنووسی هەر حەرەكەتێك بۆ ئاڵ و گۆر، لە چكۆلەوە تا گەورە دەخیل بیت و ئەنگیزە و مەشغەلە حیزبی و تەشكیلاتییەكانی خۆشی هەر لەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بگرێ. ڕەوتی ئیمە دەبی لە ئاستی جیهانی و چالاكی لە دەرەوەی ولات لە كەش و هەوای بەرتەسكی سوننەتی خۆی بیتە دەری، دەبی هەلسووراوی چالاكی بزووتنەوەی جیهانی دژی نیئۆلیبرالیزم و سەرمایەداری بیت.

ل ٧

## دارشتنی دەستوری عیراق لە ناو جەرگەی شەر و كیشەی دەسەلاتدا

لە هەل ومەرجیك دا كە خەلكی عیراق لە نیوان بەرداشی توندوتیژی هیزەكانی ئەمریكا و عەمەلیاتی خوتەقاندنەوەی ڕەوتە كۆنەپەرەست وتیرۆریستە ئیسلامی‌یەكان دا گیریان كردوە، و هەموو رۆژیك ژمارەیەكی زیاتر لە ژن ومنال و خەلكی بی تاوان دەبنە قوربانی كارەساتی تەقینەوە، خوتەقاندنەوە، دوزینەوەی تەرمی لە خوین داشەلالی خەلكانی بی‌تاوان و سەری بی گیانی هاولاتیان لە سەر شەقامی شارەكان ویژدانی هەر ئینسانیك دەهەژینی، لە هەل ومەرجیك دا كە تەنانەت گەورە لیپرسراوانی ئامریكاش قسە لە چوونە سەریی ریژەی كردەوە تیرۆریستی‌یەكان دەكەن وئیددعای جەعفەری بۆ دابین كردنی ئەمنییەت و ئاسایش و راونانی تیروریستان بۆتە گالتەجار و كەس بایەخیكی بۆ دانانی، لە ئاوا هەل ومەرجیك دایە كە كیشەی ئامادەكردن و دارشتنی دەستوری عیراق بۆتە مەیدانیكی تر بو بەرانبەركی وشەری قودرەت لە ناو هیزە دەسەلاتدارەكان دا.

ماوەیەك لەوەپیش "پەرلەمان" یان كۆمەلەی نیشتمانی عیراق لیژنەیەكی ٥٥ كەسی بۆ نوسین و ئامادە كردنی دەستووری هەمیشەیی ولات پیك هینا. ئەم لیژنەیە هەروەك پەرلەمان لە زورینەیەكی دیاری كراوی ئیئتیلافی شیعە پیك دیت.

٢٨ كەس لە ئەندامانی لیژنەكە ئەندامانی دو گروپی ئیسلامی شیعەی سەر بە رژیمی ئیسلامی ئیرانن. ١٥ پالیوراوی تر نوینەرایەتی دوو هیزە سەرەكیەكەی كوردستان دەكەن و باقی پالیوراوان سەربە گروپی سەرۆك وزیرانی پیشوو (عەللاوی) و گروپی بچووك و ئیسلامی غەیرە شیعە نوینەرایەتی دەكەن.

روون و ئاشكرایە لە هەل و مەرجیك دا كە پیش مەرجەكانی دەخالەتی ئازادانەی خەلك لە دیاری كردنی چارەنوسی خۆیان دا پیك نەهاتووە، پرۆژەی ئامادە كردن و دارشتنی دەستوور هیچ پەیوەندیەكی بە كومەلانی خەلكی ستەم لیكراوی عیراق و دابین كردنی داخوازی‌یەكانی ئەوانەوە نییە.

كاتیك كە لە نیهاد و دامەزراوەكانی كۆمەلگای مەدەنی هەوالیك نییە خەلك لە هیچ ریگایەكەوە ناتوانن موری خۆیان لە پرۆسەی دارشتنی دەستووری ولات بدەن.

تا ئەو جیگایەی بەرەوتە ئیسلامی‌یەكانی شیعەی سەر بە كۆماری ئیسلامی ئیران دەگەریتەوە ئەوان لە سەر ئەوە پیدا دەگرن كە دینی ئیسلام و شەریعەتەكەی بكریتە تەنیا بنەما وسەرچاوەی دەستوور و یاسا لە عیراق، هیزەكانی كوردستانیش لە و روانگەیەوە كە بالا دەستی ڕەوتە ئیسلامی‌یەكانی شیعە بە كوسپیك لە سەر ریگای گەیشتن بە فیدرالیزم و سەقامگیر بوونی بەشی خۆیان لە دەسەلات دا دەزانن، لە سەر ئەو باوەرەن كە ئیسلام نابی تەنیا سەرچاوەی دارشتنی دەستوور بی، بەلكوو دەبی تەنیا یەكیك لە سەر چاوەكان بی.

شیعەكان لە لیژنەی نووسینی دەستووردا بەوە رازی نین دەستەواژەی یەكیتی ئارەزومەندانە جیگیر ببیت، تا دەستیان ئاوالا بیت، هەركات كە هاوسەنگی هیز ئیجازەی پیدان، ئەگەر خەلكی كوردستان خوازیاری جیابوونەوە لە عیراق و سەربەخۆیی بوون هیرش بكەنە سەریان و دایان پلۆسن.

هەروەها لەپیوەند لەگەل مەسەلەی فیدرالیزمیش دا، شیعەكان لە نیزامی فیدرالی لە سەر بنەمای ئیداری پیٚدادەگرن واتە لایەنگری لامەركەزییەتی ئیدارین نەك سیاسی، سەرباری ئەوەش شیعەكان كە لە سەر ئەو باوەرەن كە لە كاتی نوسین و پەسند كردنی یاسای ئیدارەی كاتی زۆر زۆلمیان لی كراوە، ئیستا جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە دەستوری داهاتوو لە سەر بنەمای یاسای ئیدارەی كاتی نەبیت.

تا ئیستا دەولەتی جعفری نیشانی داوە كە بو داسەپاندنی بالادەستی خۆی و پاشە كشە كردن بە هیزە ناسیۆنالیستەكانی كوردستان لە هەموو هەلیك كەلك وەردەگری.

لابردنی بەرگەی (عیراقی فیدرال) لە سویندی یاسایی حكومەتەكەی جەعفەری، ئامارژە نەكردن بە سیستمی عیراقی فیدرال و پەرلەمانی كوردستان كە پیش تر لە سەری سازا بوون، بی دەنگی بە نیسبەت

## راگەیاندنی كومیتەی ناوەندی كۆمەلە لە پیوەند لەگەل نۆهەمین خولی "هەلبژاردنی" سەرۆك كۆماری لە ئیران



هەلبژاردنی "نۆهەمین خولی سەرۆك كۆماری ئیران رۆژی ٢٧ی جۆزەردان بەریوە دەچی. ئەم شانۆی هەلبژاردنە لە بارودۆخیك دا بەریوە دەچی كە بەدوای شكستی ئیسلاح خوازانی حكومەتی و وەدەرنانیان لە مەجلیس و ناوەندەكانی تری دەسەلات، ستراتیژی ئیسلاحی رژیمی كۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر كاتیكی تر پەسەندی كۆمەلایەتی خۆی لە دەست داوە و هەر ئەم راستی‌یەش هۆكارەكانی لیك هەلبەزینەوە و سەر لیشیواوی بەشیكی بەربلاو لە ئیسلاح خوازان و بورژوازی لیبرالی ئیرانی لە دەرەوەی دەزگای دەسەلاتداریەتی پیك هیناوە.

ل ٤

## ٣٥سال خەبات وخۆراگری خەلكی ویتنام

٣٠ئاوریل، سالرۆژی سەركەوتنی خەبات و تیكۆشانی كۆمەلانی خەلكی خەباتكار و كۆلنەدەری ویتنام و شكستی سەرشۆرانەی ئامریكا و هاوپەیمانانییەتی. لەم رۆژەدا تانكەكانی "وییت كۆنگەكان" هاتنە نیو "سایگۆن" و خەلكی ویتنام پاش ٣٥ سال، بە وەدەر نانی هیزی داگیركەر، ویتنامی دابەشكراویان یەك خستەوە و چارەنووسی خویانیان بە دەستەوە گرت.

ل ٣

## كریكارانی لە سەر كار دەركراوی كارخانەی شاهۆ ویرای سەركەوتن بەلینی گەرانەوە بۆ سەر كاریان وەرگرت

ساعەت ٨ی بەیانی رۆژی شەممە ٧ی جۆزەردانی ٨٤ ، ٢٨ كەس لە كریكارانی لە سەر كار دەركراوی كارخانەی شاهۆ هاورێ لەگەل بنەمالەكانیان و ژمارەیەك لە خەلكی ئازادیخوازی شاری سنە ژمارەیەك لە كریكارانی سەقز لەوانە مەحموودی سالحی و جەلالی حوسینی، لە بەردەم ئیدارەی كاری سنە ئامادە دەبن.

ل ٦

## كۆبونەوەی گشتی "تەعاونی مەسكەنی" كریكارانی دوخانیاتی سەقز

لەم كۆبووبونەوەیەدا ئەندامانی تەعاونی مەسكەنی شەریكەی دوخانیاتی شاری سەقز مەسەلەی جۆراوجۆر لە وانە پیشیل كاری شارەداری سەقزیان بۆ ماڤ دروست كردنی مالیان خستۆتە بەر باس شارەداری سەقز داوای ٣٠٠ملیون تمەن بۆ دەركردنی مجەوز بە مەبەستی ساز كردنی مەسكەن دەكات.ل٤

## خەلكی فەرانسە و هولەند دەنگیان بە یاسای بنەرەتی ئۆروپا نەدا ل٢



## خۆپیشاندانی كریكاران بۆلیوی بۆ نەتەوەیی كردنەوەی نەوت وگاز هەروا دریژەیی هەیە

هەزاران كریكار لە خەلكی ولاتی بولیوی لە نارازەیەتی بە هەلسوورانی شیركەتە خارجیەكان لە بەشی نەوت وگاز و هەروەها میللی كردنەوەی نەوت و گاز دەستیان داوتە خۆپیشاندان، ئەم نارەزایەتییە كە لە لایەن زۆربەی خەلكی ولاتی بولیویی‌یەو پشتیوانی لی دەكری، تا ئیستاش دریژەی هەیە.

## وت وویژەكانی ریكخراوی جیهانی كار لەگەل خانەی كارگەر و شوورا ئیسلامییەكانی كار ئیعتباریكی نی‌یە

بە پیی هەوالنیری ئیلنا چەند كەسیك لە بەریوە بەرانی خانەی كارگەر و شورائیسلامی‌یەكانی كار رۆژی ٣١ی مانگی مەی بە نۆینەرایەتی لە كۆمەلگای كریكاری ئیرانەوە لە ٩٣هەمین كۆبونەوەی كۆنفرانسی جیهانی كار لە ژینیو بەشدار بوون. ئیمە هەروەكوو پیشتر رامانگەیاندبوو، نە تەنیا ریكخراوەكانی دەولەتی و عەقیدەتی خانەی كارگەر و شورا ئیسلامی‌یەكانی كار وەك نوینەری كۆمەلگای كریكاری ئیران نازانین، بەلكوو...

ل ٣

## مانگرتنی كریكارانی كارخانەی "ئالومین"ی سنە

شەریكەی "ئالۆمین"ی سنە ماوەیەكە دەستی داوەتە لە سەرەكار دەركردنی كریكارانی ئەم شەریكەیە، خاوەنكاران سەرەتادا كریكارانی قەراردادییان لە سەر كار دەركردوە كە ژمارەیان ٩٥كەسە و لە پاشان دەستیان داوەتە قەراردادی كردنی بەشیكی زۆر لە كریكارانی رەسمی .ل ٤

## خۆپیشاندانی ئەندامانی سەندیكای كریكارانی شیركەت واحیدی تاران

بەرەبەیانی رۆژی جومعە ٢٣ی گولان ئەندامانی سەندیكای كریكارانی شیركەت واحیدی ئوتوبوس رانی تاران ویرای خۆپیشاندان لە بەردەم دەفتەری . ل ٤

## كوژران و بریندار بوونی ١٢ كەس لە پەنابەرانی كوردی ئیرانی بە هۆی تەقینەوە لە رومادی عیراق

بە گویرەی ئەنجومەنی پەنابەرانی كوردی ئیرانی نیشتەجی لە ئوردوگانی ئەلتاش، بە هۆی تەقینەوە لە ناوچەی "قعاقی" هەلكەوتوو لە شاری رومادی ٢پەنابەری كوردی ئیرانی گیانیان لە دەست داوە.

ل ٤

چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بە پێی بەرگەی ٥٨ لە یاسای ئیدارەی کاتی لە بەرنامەی حکومەتەکەی جەعفەری و هەموو ئەوانە نیشان دەدەن کە کێشەی دیاری کردنی سنووری دەسەلاَت لە ناو هێزەکانی بەشدار لە حکومەت دا هەروا بەردەوامە.

بەلاَم لە ناو جەرگەی کێشمەکیشی دەسەلاَت دا نوسین و ئامادە کردنی دەستوری عێراق هەرچۆنێك بێ، چ دینی ئیسلام تەنیا بنەماو سەر چاوەی دارشتنی بێ و چ تەنیا یەکێك لە سەر چاوەکانی بێ، لە دونیای واقع دا ئەوە تەرازو و هاوسەنگی هێزە کە هەموو شتێك دەبرێتەوە. بەتایبەت تا ئەو جێگایەی کە بە کێشەی حکومەتی مەرکەزی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە سەر مەسەلەی فێدرالیەت و کەرکوك دەگەڕێتەوە، هەرکات ئەو کیشانە قوول بنەوە، گومان لەوە دانیە کە شیعە و سوننەی عەرەب لە ژێر چەتری ناسیونالیسمی عەرەب دا یەك دەگرنەوە و هەول دەدەن ئەم کیشانە بە قازانجی ناسیونالیسمی عەرەب چارەسەر بکەن.

لە ناوجەرگەی شەر و کێشەی دەسەلاَت دا، هەر دەستورێکیش پەسەند بکری، لە شەقامی "ئەلرەشید"، نادی یەکان ئاگریان تێبەر دەدرێ، سیدی فرۆشییەکان هێرشیان دەکرێتە سەر، و لە بەسرە و نەجەف و کەربەلاش ژنان دەخرینە ژێر بەرقەع و مەقنەعە سوکایەتی، یان پێ دەکری و سەرەتاییترین مافەکانیان دەخرێتە ژێر پێ. لە کوردستان وهەر شوێنێکی تری عێراقیش کۆمەلاَنی خەڵکی حەقخواز و ستەم لێکراو، تەنیا بە پێی رادەی بەرەو پێشچوونی خەبات و ریکخراو بونیان دەتوانن ئازاد و سکولار بژین.

بەمجۆرە دەبێ بزانین حکومەتی جەعفەری کە لەسەر هاوسەنگی یەك پێك هاتوە کە بە بوونی هێزە داگیر کەرەکانی ئامریکا لە عیراق شکلی گرتوە بە پێی ناوەرۆکێکی چینایەتی کە هەیەتی، لەگەڵ سەرەتایی ترین، مافەکانی ئینسان دژایەتی هەیە، لە ئاوا هەل و مەرجێك دا راکێشانی خەڵکی کوردستان کە ١٤ سالە بە شیوەی دۆفاکتۆ سەربەخۆ بوون و چارەنووسێکی جیاواز لە شوێنەکانی تری عێراقیان هەبوە، بۆ ژێر کوت وبەندی حەکومەتی مەرکەزی ستراتیژیکی هەلەیە. ئەم حکومەتە بەم پێکهاتە و ناوەرۆکەی کە هەیەتی، داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و ماڧ خەڵکی کوردستان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان تا ئاستی جیابونەوە و پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەرەسمی ناناسێ، کەوایە خەبات بۆ پێك هێنانی هەل و مەرجێك کە خەڵکی کوردستان بتوانن ئازادانە و بە دور لە هەر چەشنەزەخت و گوشارێك لە رێفراندومێکی ئازاد دا بەشداری بکەن و لە سەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن دەبێ درێژەی هەبێ.

هێزی بزوێنەری ئەم ستراتێژە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردستانن کە دەتوانن هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ باش کردنی هەل ومەرجی کار و ژیان و بەڕێچونیان، پێش مەرجەکانی رێفراندۆمێکی ئازاد و دێمۆکڕاتیك پێك بێنن ومەسەلەی کورد بە شێوەیەکی دێمۆکراتیك چارەسەر کەن.

# خەڵکی فەرانسە و هۆڵەند دەنگیان بە یاسای بنەڕەتی ئوروپا نەدا

لە ماوەی چوار رۆژدا دو هەڵبژاردنی جیاواز لە دوو وڵاتی گرینگی ئۆروپایی لە سەر یاسای بنەڕەتی ئوروپا بەرێوە چوو. خەڵکی فەرانسە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٩ی مانگی مەی و خەڵکی هولەندیش رۆژی چوارشەممە ١ی ژوئەن چوونەپای سندوقەکانی دەنگدان.

لە هەلبژاردنی فەرانسە دا ٥٥ لەسەد و لە ولاتی هولەندیش ٦٢ لە سەدی بەشداربوان دەنگی "نا"یان بەیاسای بنەرەتی ئوروپا دا. یاسای بنەرەتی ئوروپا کە (ژیکاردستن) سەرۆك کۆماری پیشووی فەرانسە زیاتر لە سال و وردەیەك کاری لەسەر کردبوو، دوای ریك کردن و دەستیوەردانی پیویست لەلایەن ولاتانی ئەندامەوە، سەرەنجام بوو بە ئەویاسا بنەرەتی‌یەی کە ئیستا هەیە و بۆ ساغ بوونەوە لە سەریشی خرایە بەردەم ٢٥ولاتی پیك هینەری ئوروپای یەکگرتوو. هیندیك لە ولاتان لە ر یگای پارلمانە ناوچەیەکانەوە و ژمارەیەکی تریش لە ریگای را پرسییەکی جەماوەرییەوە لە سەر ئەم یاسا بنەرەتی‌یە ساغ دەبنەوە. وا پی دەچیت کە لە زۆربەی ولاتە سەرەکییەکانی ئوروپا، ئەگەر پەسەندکردنی یاسای بنەرەتی ئوروپا بە دەنگدانیکی جەماوەری بسپیرن، هەر ئەو چارەنوسە لە چاوەروانی دا دەبی کە لە ولاتانی فەرانسە و هولەند تووشی بوو. هەر لەبەر ئەم هۆیە ژمارەیەك لە سەرۆکەکانی ولاتانی ئوروپایی لەوانە تۆنی بلیر لە ئینگلیس رایگەیاندوە کە پەسەند کردنی یاسای بنەرەتی ئوروپا بەراپرسی جەماوەری ناسپیرن و لە ریگای پارلمانەوە دەنگی پی دەدەن.

هیچ گومان لەوەدانییە کە سەرجەم پارلمانەکانی ئوروپا بەلانی زۆرەوە دەنگی موسبەت دەدەن بەو یاسا بنەرەتی‌یەی کە ئیستا باسی لەسەر دەکری. هەر ئەو کارەش نیشانەی کەلەبەریکی گەورەیە لە نیوان ئەو پارلمانانەی کە وەکوو نمونەی دیموکراسی بورژوایی بە کۆمەلگا دەناسرین و ئەودەنگدەرانەی کە هەر چواریان چەند سال جاریك، بەشیك لە ئەوان دەچنە پای سندوقەکان دەنگدان. ئەوهەلسەنگاندنە سانایە ئەوەمان پیشان دەدات کە دیموکراسی پارلمان لەگەل چ ئەزمەیەکی قول بەرەورووە.

دەسەلاتدارانی فەرانسە بەو هیوایە بوون کە یاسای بنەرەتی ئوروپا هەرلە شوینی دارشتنەکەی تەئید بکری. ژاك شیراك و ژیسکاردیستن و ریبەرانی تری ئەحزابی فەرانسە بۆ هاندانی خەلکی فەرانسە بۆدانی دەنگی موسبەت بە یاسای بنەرەتی ئوروپا لە هەرچی فیل و تەلەکە و پروپاگەندەیەك کە بوو، کەلیکیان وەرگرت. ئەوان دەستی یارمەتی یان بۆلای دەسەلاتدارانی تری ولاتانی ئوروپایش لەوانە سەدری ئەغرەمی ئالمان بۆ بە قەناعەت گەیاندنی خەلکی فەرانسە بۆ دانی دەنگی موسبەت بەیاسای بنەرەتی ئوروپا، دریژە کرد، بەلام ئەوەش کارساز نەبوو. چونکە لە نیوان پروپاگەندە و بەرژەوەندی ماددی ئیسنانەکان جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە. خەلکی فەرانسە و هولەند و سەرجەم شارۆمەندانی ئوروپایی سەرەرای ئەوەی کە زانیارییەکی زۆریان لە بارەی ناوەرۆکی یاسای بنەرەتی ئوروپاوە نی‌یە، بەلام لە ئەزموونی بە کردەوەی خۆیاندا و بە دریژایی تەمەنی ئەم "بلوك"ە سیاسی، ئابووریە لە چەند سالی رابردوودا، راشکاوانە دژایەتی ئەم بلوکە بورژوازییەیان لەگەل خواست و بەرژەوەندییەکانی رۆژانەی خۆیان بۆ دەرکەوتووە و زۆریش سروشتی بوو کە دەنگی "نا"ی پی بدەن. دژایەتی خەلکی ئەم دو ولاتە بە تایبەت فەرانسە کە لە هەمووبواریکەوە وەکوو یەکیك لە کولەکە سەرەکییەکانی ئوروپای یەکگرتوو دیتە ژمار، دەسەلاتدارانی فەرانسە و ریبەرانی‌تری ئوروپای راچلەکاند و قەیرانیکی نویی لە ئوروپا کاتیك بەکردووەوە دەردی کە هەر ٢٥ولاتە کە لە سەر کۆك بن. دەنگی دژایەتی خەلکی فەرانسە و هولەند خۆی لە خۆیدا بەکردەوە دەرهینانی ئەم یاسایەی رەد کردەوە. دەنگی "نا"ی خەلکی فەرانسە هەر زۆر زوو بووە هۆی گورانکاری لە دەولەتی ژاك شیراك دا. سەرۆکی دەولەتی ژاك شیراك دەستی لە کار کیشایەوە و وەزیری دەرەوەی پیشووی فەرانسە کە لە کاتی هیرشی ئامریکا و ئینگلیس بۆ سەر عیراق نەیاری شەر بوو و لە نیو بەشیکی بەرینی خەلکی فەرانسە دا کە کەسیکی خۆشنیوبوو، لە لایەن ژاك شیراکەوە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیری دانرا. ژاك شیراك بەم کارەی ویستی ئەوە نیشان بدات کە دەنگی نارەزایەتی خەلکی بیستووە دەیهەوی بە هیندیك ئال و گۆر وەلامی دژایەتییەکانی خەلك بداتەوە.

لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەنگ نەدانی خەلکی فەرانسە و هولەند تەنیا ئەم دو ولاتە ناگریتەوە، بەلکوو ئەم راچلە کینە سەرجەمی ئوروپا و داهاتوەکەشی بۆ زۆریەك لە دەسەلاتدارانی لە خەلك بی خەبەری ئەم ریکخراوەیە هەتا جەماوەری خەلك لەم ولاتانەدا لەگەل هیندیك پرسیاری سەرەکی بەرەوروو کردۆتەوە. بەوتەی رۆژنامەی گاردییەنی چاپی ئینگلیس "دەنگ نەدانی خەلکی فەرانسە، ریکخراوی ئوروپای تووشی وەها ئەزمەیەکی قول کردوە کە لە ٥٠سالی رابردوودا بێ وینەیە"

دەنگ نەدان، کاردانەوەیەکە لە دژی بێ عەدالەتی

ئەوەی کە لە هەلبژاردنەکانی فەرانسە وهولەند رووی‌دا، دەنگ نەدانیکی یەکپارچە و هاو ئاهەنگ بۆ ئامانجیکی دیاری کراونە بوو، بەلکوو تەنیا دژایەتی لەگەل یاسای بنەرەتی ئوروپا دەنگدەرانی لەیەك ریزدا کۆکردۆتەوە. لەم دو هەلبژاردنەدا لە ناسیونالیستە دەمار گرژەکانەوە بگرە کە بە ئالا و خاکی فەرانسە و هولەند سویندەخۆن و بەردەوام سرودی نەتەوەیی خۆیان لە سەر زارە، هەتا چەپە میللی گەراکان کە دژایەتی ئەوان لەگەل گلوبالیزاسیون و بە جیهانی بوون نەك لە روانگەی بەرامبەرکیی کارو سەرمایە کە بە پانتایی جیهان لە ئارادایە، بەلکوو لە روانگەی بەرژەوەندی نەتەوەیی وناچەییەوەیە، هەتا ئەو کومونیستانەی کە بە سرودی ئەنترناسیونال لە سەر شاشەی تلویزیونەکان پیشان دران، هەتا جەماوەری بەرینی بیکاران کە پەرەسەندنی سەرمایە و یاسا دژی ئینسانییەکانی ئەو بە هۆکاری چارەرەشی خۆیان دەزانن، دەنگیان بەم یاسایەنەدا، بەلام ئەم وەلامی "نا"یە بە هیچ شیوەیەك ریز و ئامانجی دەنگدران تیکەل بە یەکترناکات و لە راستی ئەم دەنگ نەدانە لە دژی یاسایەك کە لە بەرامبەر و لە دژی خواست و بەرژەوەندی زۆرینەی شارۆمەندانی ئوروپایە، کەم ناکاتەوە. هەروەك ئەوەی کە وەلامی نای کۆمونیستەکان وژنان و کریکاران بەهەلبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئیران و تەحریمی ئەو لەگەل دەنگی گەنجی و هاوبیرە ئیسلاح خوازەکانی تری ناچیتە ریزی یەك بەرەوە.

وەلامی نای خەلکی فەرانسە و هولەند بەیاسای بنەرەتی ئوروپا لە راستی‌دا دەنگیکە لە دژی هەلاواردن و بی عەدالەتی و ئەوسیاسەتە نیئولیبرالییەی کە لەلایەن سیاسەت داریژەرانی قازانج پەرەست و دژی جەماوەری لە پارلمانی ئوروپا و سەرجەم دامەزراوەکانی تری ئەم بلوکە بەریوە دەچی. پارلمانی ئوروپا و ئەم بلوکە ئیمپریالیستی‌یە ئیستا بۆتە شوینی کۆبوونەوەی بەشیکی چکولە لە نوینەرانی ئەو حیزب و دامەزراوانەی کە لە دەسەلات دان لەگەل شیرکەتە گەورە و فرەنەتەوەتان کە هیچ ویك چوونیك لە نیوان تەسمییمی ئەوان و خواست و داخوازیەکانی زۆرینەی خەلکی ولاتانی ئەندامی ئەم بلوکە بوونی نی‌یە. بیکاری بەربلاو و چەندەها میلیونی لە ئیتحادییەی ئورپا، گەندەلی ئیداری و مالی کە هەموو رۆژی بەشیك لەوان لە لایەن چاپەمەنی و راگەیینەرە گشتی‌یەکانەوە دەدرکیندرین، قەتیس کردنی پیداویستی‌یە گشتی و پیداویستی حەوانەوەی کومەلایەتی خەلك کە بەرهەمی رەنج و خەباتی پشتاوپشتی ئەوانە، چوونەسەری تەمەنی خانەنشینی و کەم کردنەوەی حەقدەستەکان، هەلس و کەوتی دژی ئینسانی لەگەل پەنابەران و پی شیل کردنی هەر رۆژەی ماڧ ئینسانەکان، پەرەسەندنی هەلاواردن و نابەرابەری لە دژی ژنان و قوربانی بوونی ئەوان لەیەکەمین لە سەر کاردەرکردنەکان، کەم بوونەوەی پیداویستی فیرکاری بە خۆرایی و گشتی، خسوسی سازیە بەربلاوەکان کە بە لەرسەر کار دەرکردنی کەسانی لە سەر کارو سەرلی شیواوی ئەوان بەرەورو دەبیتەوە و دەیان نموونەی تر بەشیك لە سیاسەتەکانی ئیتحادیەی ئوروپایە کە لە یاسای بنەرەتی دژی جەماوەری ئەم ئیتحادیەوە هەلینجراوە. دەنگ نەدانی خەلکی فەرانسە و هۆڵەند لە راستی دا دەنگ نەدان بوو بەهەمووی ئەوشتانەی کە لە سەرەوە باس کراو بەدەیان نموونەی تر لە بێعەدالەتی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی لە ناو خۆی ئەم بلوکەدا.

ئەو قەیرانەی کە بە هۆی دەنگ نەدانی خەلکی فەرانسە و هولەند سەرجەمی ئوروپای داگرتوە قەیران و بەرامبەرکی لە نیوان دەنگدەرانی ئەم ولاتانە بە خواست و بەرژەوەندیەکانی ماددی پیویست وبەرچاو لەگەل ئەو هەلبژیردراوانەیە کە هیچ نزیکایەتی یەکیان لەگەل بەرژەوەندییەکانی ئەو خەلکانە نی‌یە کە خۆیان بە نوینەریان دەزانن.

دەنگی نای خەلکی فەرانسە و هولەند و لە ئاکامی ئەویش دا ناکۆکی‌یەکی گەورە کە بۆ گەورەترین بلوکی ئابووری و سیاسی جیهانی پیك هیناوە، جاریکی تر ئەم راستی‌یەی دووپات کردەوە کە بە پیچەوانەی ئەو شتانەی کە رۆژانە لە زمان، قەلەم و شەپۆلی گەورەی پروپاگەندەی راگەیینەرە گشتی‌یەکانی بورژوازییەوە بە قورگی کۆمەلگادا دەکری، چارەنوسی مرۆڤایەتی بە تەواوی بەویست و داخوازی سەرمایە و شیرکەتە چەند فرەنەتەوەکان و بلوکە ئیمپریالیستی یەکان دیاری ناکری، بەلکوو یەکگرتوویی، وشیاری و خەباتی جەماوەری نارازییە کە دەتوانی رەوتی بەرەوپیش چوونی چارەنوسی کۆمەلگا دیاری بکات.

دەبی ئەو راستی‌یەش نەشارینەوە کە لە دەنگ نەدانی خەلکی فەرانسە وهولەند هیشتا دەورونەقشی پالنەر و بزوتنەوەی رادیکالی کریکاری و دژی سەرمایەداری بە ئاسۆیەکی روونی سوسیالیستی یەوە زۆر کال بوو، بەلام ئەم کەم وکورییەش لە راستی ئەم دەنگ نەدانە بە بی عەدالەتی و مل هوری و قولتر بوونەوەی قەیرانی نیو بلوکی سەرمایەداری کەم ناکاتەوە.

بۆ کومونیستە شورشگیرەکان و رەوتی سوسیالیستی، بەرامبەرکیی لەگەل یاسای بنەرەتی ئوروپا ویان ئەم بلوکە و بلوکەکانی هاوشیوە، لە روانگەی بەرژەوەندیی ناوچەیی و تایبەت بە ولاتیك و "میللی گەرای چەپەوە"نی‌یە، بەلکوو لە روانگە بەرامبەرکیی کارو سرمایە لە هەموولایەنە جیهانیەکانیەوە، سەرەرای لاوازبوونی بلوك و بەرەی چینایەتی کریکاری و سوسیالیستی لە بەرابەر بەرەی چینایەتی بورژوازی‌یەوە، جیگای باس و لیکدانەوەیە. ئەگەر وەلامی نای خەلکی فەرانسە و هولەند بەیاسای بنەرەتی ئوروپا لەلایەن رەوت یان ریکخراوەیەکی چەپ و رادیکالی دژی سەرمایەداریەوە رینوینی کرابوو، بێ گومان ئیستا بزوتنەوەی عەدالەتخوازانەی لە بەرامبەر جم و جۆلی جیهان سەرمایە و قازانج پەرەستی ئەو چەند هەنگاوبەرەو پیش بردبوو و بە بەرامبەرکیی کارو سەرمایە لە هەموو لایەنە جیهانییەکەیەوە رەنگ و بۆنیکی تازەی پی دەدا.

ئیستا بۆ جاریکی تر فەرانسە بۆتە پیشەنگی جم و جۆلیکی هیوابەش لە ئوروپا. ئایا فەرانسەی ئەمرۆ دەبیتە فەرانسەی ١٧٨٩بە شورشە گەورەکەیەوە،یان فەرانسەی ١٨٧١بە کومونی پاریسەکەیەوە کە نەتەنیا چارەنوسی ئوروپا، بەلکوو چارەنوسی مرۆڤایەتی دیاری کرد؟ ئەم کارە ئەمرۆکە بەتەواوی بەستراوەتەوە بە وشیاری، ریکخراو بوون و هاتنە مەیدانی چینی کریکار و رەوتی چەپی سوسیالیستی بۆ ئەوەی خۆی لە ژیر باری سەرجەم بیرورا و بۆ چوونەکانی بورژوازی لە وانە میللی گەرایی و ناسیونالیسم کە "لۆپین" و دارودەستەکان وشیوەکانی ئەو نوینەرایەتی دەکەن، دەرباز بکات.

حەسەنی رەحمان پەنا
دووی ژوئەنی ٢٠٠٥

پێشڕەو

# خەباتی جەماورەی لە ماوەی ١٥ رۆژی رابردو لە جیهان

٣١ی گولان:

* رۆژی شەممە ٣١ ی گولان هەزاران کەس لە خەلکی شاری قامیشلو لە کوردستانی سوریە لە نارەزایەتی بە دەستگیر کردنی چەند هەلسوڕاوی سیاسی کورد دەستیان دایە خۆپیشاندان

١ی جۆزەردان:

* مندالانی گیرودە بوو بە ویروسی ئیدز و بنەمالەکانیان لە ولاتی لیبی لە نارەزایەتی بە پێرانەگەیشتن دەولەت بە بارودۆخی ئەم مندالانە و نەبوونی ئیمکاناتی بێهداشتی و ئاسایشی مانیان گرت.

* هەزاران کەس لە خەلکی ولاتی نێپال لە نارەزایەتی بە سیاسەتەکانی پاشای ئەم ولاتە رژانە سەر شەقامەکان و دژ بە دەسەلاتی پاشایەتی دورشمیان دا ئەم خۆپیشاندانەی خەلکی نیپال لە ٢ مانگ لەمەو بەرەوە دەستی پێ کرد بوو

* دوابە دوای سەردانی "لۆرابوش" هاوسەری سەرۆك کۆماری ئامریکا بۆفەلەستین هەزاران کەس لە خەلکی ئەم ولاتە دەستیان دایە خۆپیشاندان

* سەدان کەس لە خەلکی ولاتی روسیە بۆپشتیوانی لە ئازادی راگەینەرە گشتیەکان خۆپیشاندانیکیان لە شاری مۆسکو وەڕێ خست و داوایان لە دەولەت کرد تا کۆتایی بە سانسۆری چاپەمەنیەکان بێنێت

* هەزاران کەس لە خەلکی بیکاری ولاتی فەلەستین کە ژمارەیەکیان لەو کەسانەبوون کە لە زیندانەکانی ئیسرائیل ئازاد کرابوون خۆپیشاندانێکیان وەڕێ خست و داوایان لە دەولەت کرد کە دەرفەتی پیشەیان بو پێك بێنێت

٢ی جۆزەردان:

* سەدان کەس لە ئەندامانی گروپەکانی دژی شەر خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم مەقەری "نپیك" (کومیتەی هاوکاری ئامریکا و ئیسرائیل) وەڕێ خەست و دژ بە جەنایەتەکانی ئیسرائیل و پشتوانی ئامریکا لەم جینایەتانە دورشمیان دا

٢ی جۆزەردان:

* کرێکارانی کارخانەیك لە شاری "سی دی شەهر" لە نارەزایەتی بەدانی ئەم کارخانە بە کەرتی تایبت (بەشی خوسوسی) دەستیان دایە خۆپیشاندان و کەوتنە بەر هێرشی پۆلیس و لە ئاکام دا ٣٢کرێکار بریندار بوون

* خۆپیشاندانی جەماوەری لە ولاتی بۆلیوی ماوەی ١٥رۆژی خایاند، لەم خۆپیشاندانەدا. خەلکی بولیوی خوازیاری نەتەوەی بوونی پیشەسازی نەوت وگاز و پیشگیری لە هەلسورانی شەریکە بیانیەکان لەم ولاتە بوون.

٣ی جۆزەردان:

* پۆلیسی "ئیتالیا هێرشی کردە سەر خۆپیشاندانی ژمارەیەك لە پەنابەرانی نیشتەجێ لە یەکێك لە کەمپەکانی نزیك شاری میلان کە لە نارەزایتی بە بارودۆخی نالە باری خۆیان دەستیان دابویە خۆپیشاندان لەم هێرشەدا ٢٢ پەنابەر دەستگیرکران.

٤ی جۆزەردان:

* سەدان کەس لە خەلکی ولاتی ئافریقای جنوبی لە نارەزایەتی بە کەمتەرخەمی دەولەت سەبارەت بە دابین کردنی خانوبەرە خۆپیشاندانێکیان لە شارۆچکەی "بلك هایت" لە نزیکی شاری "کیپ تاوان" پێتەختی ئەم ولاتە وەڕێ خەست.

* سەدان کەس لە خویندکارانی زانکوی "کانالی سوئیز" وێرای خۆپیشاندان لە دژی سیاسەتەکانی سەرۆك کۆماری ئەو ولاتە دورشمیان دا خوپیشاندران خوازیاری لە سەر کار لاچوونی سەروك کۆماری مێسر بوون

٦ی جۆزەردان:

* هەزاران خوێندکار لە شارەکانی "رەبات" و "لعیون" لە ولاتی مەغرێب دەستیان دایە خۆپیشاندان و دژ بە سیاسەتەکانی دەولەت دورشمیان دا، لە ئاکامی ئەم خۆپیشاندانەدا پۆلیس هێرشی کردە سەر خویندکاران و دەیان خویندکار بریندار بوون

٧ی جۆزرەدان:

* هەزاران خوێندکاری زانکۆی "داکا" لە پیتەختی ولاتی بەنگلادش دەستیان دایە خۆپیشاندان، ئەم خۆپیشاندانە دوابەدوای کوژرانی خوێندکارێکی ئەم زانکۆیە بەهۆی روداوی پێکدادانی ماشین دەستی پێی کرد. پۆلیس هێرشی کردە سەر خوێندکاران ولە ئاکام دا زیاتر لە ٥٠خویندکار بریندار بوون و دەیان کەسی تریش دەستگیر کران.

* سەدان کەس لە کەمئەندامانی بووانی روداوی چەرنوبیل، وێرای خۆپیشاندان لە بەردەم دەفتەری سەرۆك وەزیرانی روسییە سیاسەتەکانی دەولەتیان لە بواری هەلوەشانەوەی هەندێك لە خزمەتگورایییە کۆمەلایەتییەکان مەحکوم کرد.

٨ی جۆزرەدان:

* سەدان کەس لە نەیارانی شەر خۆپیشاندانێکیان لە ناوچەی "مەنهەتەن" لە شاری نیویورك لە ولاتی ئامریکا وەری خەست و دژایەتی خۆیان لەگەل شەر راگەیاند

* سەدان خویندکار لە ولاتی کورەی جنوبی لە دژی حزوری نیزامی ئامریکا لەم ولاتە دەستیان دایە خۆپیشاندان، لەم خوپیشاندانە کە لە شاری سێئول بەریوە چوو پۆلیس هێرشی کردە سەر خویندکاران و لە ئاکام دا ١٠کەس بریندار بوون و ٣٠ کەسی تریش دەستگیر کران

٩ی جۆزەردان:

* لە ئاکامی هێرشی پۆلیسی ئەفغانستان و هێزەکانی ئامریکا بوسەر خۆپیشاندانی جەماوەری لە ئۆستانی تەخار٢ کەس کوژران و ٣٢کەسی تریش بریندار بوون، ئەم خوپیشاندانە لە دژی یەکیك لە بەرپرسانی دەولەتی بەریوە چوو

١٠ی جۆزەردان:

* گروپەکانی نەیاری شەر لە ولاتی نەورۆیژ رایانگیاند هاوکات لەگەل سەردانی وەزیری بەرگری ئامریکا بو ئەم ولاتە خۆپیشاندان وەڕێ دەخەن

* هەزاران خوێندکار و مامۆستای زانکۆی شاری ئاتێن، پیتەختی ولاتی یونان خۆپیشاندانکیان لە دژی دانی بەشەکانی خویندنی بالا بە کەرتی تایبەت وەڕێ خست.

٩ی جۆزەدان:

* سەدان پەنابەری خەلکی ولاتانی مەغرێب و ئەلجەزایر لە شاری "پەرپنیان" ی فەرانسە دەستیان دایە خۆپیشاندان، ئەم خوپیشاندانە دوابەدوای کوژرانی ٢ پەنابەر بە دەستی کەسانی نەناسراو دەستی پێ کردو و لە ئاکامی هێرشی پۆلیس بۆ سەر ئەم خۆپیشاندانە ٨ پەنابەر بریندار بوون و ٣٧کەسی تریش دەستگیر کران

١١ی جۆزرەدان:

* سەدان کەس لە خەلکی ناوچەی "بوستان" لە رۆژئاوای شاری قودس لە ولاتی فەلەستین لە نارەزایەتی بە وێران کردنی مالە کانیان لە لایەن هیزەکانی دەولەتی ئیسرائیلەوە دەستیان دایە خوپیشاندان

* سەدان ژن و پیاوی خەلکی ولاتی میسر لە ناڕەزایەتی بە هێرشی پۆلیس بوسەر خۆپیشاندانی ژنان لەم ولاتە دەستیان دایە خۆپیشاندان، جێگای باسە کە لە حەوتوویەك بەر لەم رووداوە پۆلیسی مێسر هێرشی کردە سەر خۆپیشاندانی ژنان و جل و بەرگی لە بەر ژمارەیەکە لە خۆپیشانداران دەرهێنا

١٢ی جوزەردان:

* هەزاران کەس لە خەلکی برسی لە ولاتی "نیجێرییە"یە لە ناڕەزایەتی بە دابین نەکردنی خوراکی گونجاو بۆ خەلکی هەژار لەلایەن دەولەتەوە دەستیان دایە خۆپیشاندان، خەلکی نارازی لە دروشمەکانیان دا دەیانکووت: "ئیمە برسیمانە خوراکمان پیی بدەن".


## وت وویژەکانی ریکخراوی جیهانی کار لەگەل خانەی کارگەر و شوورا ئیسلامییەکانی کار ئیعتباریکی نییە

بە پیی هەوالنیری ئیلنا چەند کەسیك لە بەریوە بەرانی خانەی کارگەر و شورائیسلامییەکانی کار رۆژی ٣١ی مانگی مەی بە نۆینەرایەتی لە کۆمەلگای کریکاری ئیرانەوە لە ٩٣هەمین کۆبونەوەی کۆنفرانسی جیهانی کار لە ژینیو بەشدار بوون. ئیمە هەروەکوو پیشتر رامانگەیاندبوو، نە تەنیا ریکخراوەکانی دەولەتی و عەقیدەتی خانەی کارگەر و شورا ئیسلامییەکانی کار وەك نوینەری کۆمەلگای کریکاری ئیران نازانین، بەلکوو لە سەر ئەو باوەرەین کە ئەم ریکخراوانە بە هۆی دژایەتی راستەوخۆیان لەگەل بەرژەوەندی کریکارانی ئیران دەبی هەرچی زووتر هەلوەشینەوە و بەریوەبەرانی ئەم ریکخراوانە بە هۆی هیرشی ئەم دواییانەیان بۆ سەر هەئیەتی دامەزرینەری سەندیکای کریکارانی شیرکەت واحید بە تۆمەتی چەقۆکیشی، گۆپال بەدەستی، ئازار و لیدان، ویران کردن و بە تالان بردنی کەل و پەلی ئەم هەیئەتە دادگایی بکرین. بە سەرنج دان بەم کردەوانە وت وویژەکانی ریکخراوی جیهانی کار لەگەل بەریوە بەرانی خانەی کارگەر و شوورائیسلامییەکانی کار بی ئیعتبار دەزانین و مەحکومی دەکەین. ویرای ئەمانە، ئیمە بە رەسمییەت ناسینی ئەم ریکخراوە دژی کریکاری یانە نەتەنیا وەك دژایەتی لەگەل کۆنوانسیونەکانی ریکخراوی جیهانی کار، بەلکوو بەشداری کردنی ئەم ریکخراوانە، بەتاوان. دەزانین و هەر بەم هۆیەش ریکخراوەکانی کریکاری و حیزبە پیشکەوتنخوازەکانی جیهان بۆ دژایەتی کردن لەگەل ئەم کردەوەیەی ریکخراوی جیهانی کار بانگهیشت دەکەین.

# ٣٥سال خەبات وخۆراگری خەلکی ویتنام

٣٠ئاوریل، سالرۆژی سەرکەوتنی خەبات و تیکۆشانی کۆمەلانی خەلکی خەباتکار و کۆلنەدەری وییتنام و شکستی سەرشۆرانەی ئامریکا و هاوپەیمانانیی‌یەتی. لەم رۆژەدا تانکەکانی وییت کۆنگەکان هاتنە نیو "سایگۆن" و خەلکی وییتنام پاش ٣٥ سال، بە وەدەر نانی هیزی داگیرکەر، وییتنامی دابەشکراویان یەك خستەوە و چارەنووسی خویانیان بە دەستەوە گرت. ٣٠ئاوریلی ١٩٧٥ بە پیچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە نایهەوێ و ناتوانی پشت بە هیزی جەماوەر ببەستێ و "رزگاری" خۆی لە گرۆی بوونی هیزی داگیرکەردا دەبینێ، نیشاندەری ئەو راستی‌یە یە کە هیزی یەکگرتووی کۆمەلانی خەلکی خەباتکار سەرچاوە و بنەمای ئازادی و رزگارین نەك پشت بەستن بە هیزی داگیرکەر. شەر لە وییتنام سالەکانی چلی زایینی و لە دژی دەسەلاتی کۆلۆنیالیستی فەرانسە، دەستی پیکرد. پاش زیاتر لە حەوت سال و بە دوای سەرکەوتنی هیزەکانی "وییت مین" و ژنرال "جیاپ" بە سەر ئەرتەشی فەرانسە لە "دین بیین فۆ"دا، فەرانسە بە کردەوە ملی بە شکست دا و هاتە پای دانیشتن و وتوویژ. ئەم وت وویژانە سەرەنجام گەلالەی ریککەوتنیکی لی کەوتەوە کە سالی ١٩٥٤لە ژنیڤ ئیمزا کرا. بە پیی ریککەوتن نامەی ژنیڤ، وییتنام دابەش بوو بە دووبەشی وییتنامی ژوروو و وییتنامی خواروو، کە هەر بە پیی ئەو بریارنامەیە دەبوو تا سالی ١٩٥٦ ریفراندومیکی تیدا بکرابایە و لەو ریفراندۆمەدا خەلکی وییتنام بە تیکرا چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکردبایە. پاش سالی ٥٤ و لە دەورەی دەسەلاتی "نیگۆ دین دیم"دا، فەرانسە بەرە بەرە خۆی لە وییتنام کیشایەوە و ئەمریکا هەرلە سالی ٥٤وە دەستی کرد بە ناردنی یارمەتی و چەك و چۆلی نیزامی بۆ وییتنامی خواروو. ئەم یارمەتی‌یە بەردەوام روو لە زیادبوون بوو. بە جۆریك کە تەنیا ژمارەی راویژکارە نیزامی‌یەکانی ئەمریکا لە ٨٠٠کەسەوە لە سالەکانی ٥٠دا گەیشتە ٢٣هەزار کەس لە سالی ٦٣دا. شەریان سەرەتا بە کیشانە مەیدانی هیزی نیزامی دەولەتی "سایگۆن" لە دژی "وییت کۆنگ"ەکان دەس پیکرد. بەلام زۆر زوو بۆیان دەرکەوت کە ئەو هیزە ناتوانێ خۆراگرێ. بۆیە "لیندۆن جانسۆن" سەرۆك کۆماری ئەو کاتی ئەمریکا رووداویکی نیزامی گۆمان لیکراوی کردە بیانووی تیرۆچوونی زیاتری ئەمریکا لەو شەرەدا. لە ١٩٦٤دا ئامریکا بە بۆمبارانی راستەوخۆی وییتنامی ژووروو بە کردەوە شەریکی تەواو عەیار و مالویرانکەری لە دژی خەلکی وییتنام دەست پیکرد. ئەمریکا زۆر زوو زانی کە بە تەنیا گرتنەکاری هیزی هەوایی چاری "وییت کۆنگ"ەکان و ئەرتەشی وییتنامی ژوورووی پێناکرێ، هەر بۆیە دەستی کرد بە ناردنی هیزی زەمینیش. لە ژوئیییەی سالی ٦٥ دەولەتی "جانسۆن" رایگەیاند کە ١٠٠ هەزار کەس لە هیزەکانی ئەمریکای ناردوەتە وییتنام. دیارە ئەو دەمیش بە نیوی بەرەنگاری "تیروریزم" و "پاریزگاری لە خەلکی وییتنام و لە دیمۆکراسی"، ژمارەی هیزەکانی ئەمریکا لە وییتنام تا کۆتایی سالی ٦٧ گەیشتە ٤٨٥هەزار کەس. بە شوین ئەمریکادا، فیلیپین، تایلەند، کۆرە، زیلاندی نوی و ئۆسترالیاش وەك هاوپەیمانانی ئەمریکا، هیزی نیزامی‌یان بۆ وییتنام نارد. هەبوونی دەولەتیکی "کۆمۆنیستی" لە وییتنامی ژووروو، و مەترسی ئەمریکا و بورژوازی رۆژئاوا لە پەرە گرتنی "کۆمۆنیزم" لەو ناوچەیە هۆی سەرەکی هاتنی ئەمریکا و هەلگیرساندنی ئاگری شەری داسەپاوی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بوو لە ناوچەکە بوو. شەریك کە نزیکەی پازدە سالی خایاند و پاش بە کوشت دانی زیاتر لە چوار ملیۆن کەس و ملیۆنها بریندار و پەك کەوتە مالۆیرانکەرییکی زۆر، سەرەنجام لە ٣٠ ئاوریلی ١٩٧٥دا بە شکستی سەرشۆرانەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی کۆتایی پیهات. ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ماوەی یازدە سال شەری بێبەزەییانەیان دا، کارەساتیکی وەها جەنایەتکارانەیان لە وییتنام خولقاند کە تا ئیستاش و تا چەندین نەوەی دواتریش ئاسەواری لە سەر رۆح و جەستەی مندالە وییتنامی‌یەکان ماوەتەوە و دەمینیتەوە. بە کار هینانی ملیۆنها لیتر گازی کیمیایی ناسراو بە "گازی زەرد" بۆ بومبارانی جەنگەل و دارستانەکانی وییتنام کە بوو بە هۆی لە ناوچوونی سەدان هەزار هیکتار لە جەنگەل و مووچە و مەزرای ئەو ولاتە و لە نیو چوون و پەك کەوتە بوونی چی زیندەوەر و ئینسانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە، بەکار هینانی هەزاران تۆن بۆمبی ناپالم و سەدان هەزار تۆن بۆمبی دیکە و مووشەك و تۆپ و خومپارە لە دژی خەلکیك لە تەنیا تاوانیان ئازادیخواز بوونیان بوو، تەنیا گۆشەیەك لەو کارەساتەبوون کە بە سەر ئەو خەلکە هات.

ل ٧



پیشرەو

**پاشماوەی ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی..**

لە لایەکی ترەوە جیاوازی دەنگەکان لە سەر ناساندنی پالیوراوی سەرۆك کۆماری، دلەراوکی و دودلی وەلی فەقی لە تەئیدی یەکیك لە پالیوراوان، قەیران و دابەش بونی موحافزەکاران بە سەر چەند تاقم دا بە روونی نیشان دەدات. بالی موحافزەکار کە بە شکستی ئیسلاح خوازانی حکومەتی لە ژیر ناوی چەند لایەنە جولانەوە، بە شیوەیەکی حاشاهەلنەگرانە بۆ خۆ گونجاندن لەگەل پیویستی‌یەکانی سەرمایەداری ئیران هەنگاوهەلدەگرێ، دەیهەوی قەیرانی دیپلۆماسی ئەتۆمی چارەسەر بکات، بۆ گرفتی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەل ئامریکا و باش بونی پەیوەندی لەگەل ئوروپا ریگا چارەیەك بدۆزیتەوە و بە پیك هینانی هاوئاهەنگی لە نیوان ناوەندە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی لە بورای ناوخۆییش دا خۆیان گورج کەن و بەگاردیکی قایمترەوە لە ئاست نارەزایەتی‌یەکانی رولە گەشەی کریکاران و جەماوەری خەلك دەرکەون.

بالی موحافزەکار بەومەبەستە هاشمی رەفسەنجانی ئەومیعمارەی ئابوری نیئولیبرالی لە ئیران، سەبەبکاری بیکار سازی‌یە بەر بلاوەکان و ریکخەری قەتلە زنجیرەیی‌یەکانی وەپیش هەمووان خستووە.

ئیستا لە بەشە جۆراوجۆرەکانی روحانیەتەوە بگرە تا تەواوی بالەکانی بورژوازی کە وەدیهاتنی ستراتیژی خۆیان لە مانەوەی کۆماری ئیسلامی و ئیسلاحی ئەو رژیمەدا دەبیننەوە هەر کامەیان بە جۆریك بۆ گەرم کردنی بازاری ئەو گالتە جارەی هەلبژاردنە هەول دەدەن.

ئەم کیشمە کیشانە لە جەرگەی پەرەسەندنی رۆژ لە رۆژ زیاتری خەباتی سنفی کریکاران و هەولی ماندویی نەناسانەی هەلسوراوان و پیشرەوانی ئەم چینە بەمەبەستی پیك هینانی ریکخراوە چینایەتی و جەماوەری‌یەکانی کریکاران و بۆ کۆتایی پی هینان بە پرژ و بلاوی لە ریزی خەباتی ئەوان دا و تەزمینی پیشرەوی ئەم بزوتنەوەیە، پەرەسەندن و قولتر بونەوەی بزوتنەوەی ژنان، جم و جۆلی هەلسوراوانی رادیکالی بزوتنەوەیی دانشجویی بۆ هینانە دەری ئەم بزوتنەوەیە لە ژیر رەخنە و کاریگەری ئاسۆ و ستراتیژی لیبرالی، قولتر بونەوەی بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی کورودستان و پشت ئەستور بونی هەرچی زیاتری ئەو بزوتنەوەیە بە هیزەکانی بزوینەری، لە ئارادایە.

ئیستا لە بارودۆخیك دا کە بزوتنەوەی رادیکال و یەکسانی خوازانە لە کوردستان ریگای بەرەوپیش چوون و ئاسۆی رونی بەرەوخەلکی کوردستان کردۆتەوە، ئیسلاح خوازانی کورد لە ژیر ناوی شورای هاوئاهەنگی ئیسلاح خوازانی کورد بە دانەدەری پلاتفۆرمی خۆیان و بەکەمپەینیك کە خستویانەتەری، لە راستی‌دا دەیانهەوی بە هینانە مەیدانی هەرهەمان پروژە رسواوشکست خواردووەکانی دووی خوردادی یەکانی ٧٦، بۆ هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری بازار گەرمی بکەن. ئەوانە کە ئەساسی ستراتیژی سیاسی خۆیان لەسەر مانەوەی کۆماری ئیسلامی و ئیسلاحی ئەو لە جەهەت وەلامدانەوە بە پیداویستی‌یەکانی سەرمایەداری ئیران و شەریك بونی سەرمایەدارانی کورد لە دەسەلاتدارییەتی سیاسی‌دا دارشتووە، دەیانهەوی بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی کوردستان لە ناوەرۆکی رادیکال و ئازادیخوازانەی خۆی بە تال بکەن و بە وەعدەی وەرگرتنی چەند پۆستی ئیداری و چەندئیمتیازیك لە بواری فەرهەنگی و نەتەوایەتی دا، بزوتنەوەی خەلکی کوردستان بۆ گەیشتنی بە خواستەکانی بە لاری دابەرن. بە پیی پلاتفۆرمی شورای هاوئاهەنگی ئیسلاح خوازانی کورد بریار وایە "ماف شارومەندی" لە چوارچیوەی یاسای بنەرەتی ئیسلامی، لە کۆمەلگای مەدەنی ئیسلامی و لە ژیر دەسەلاتداریەتی دەولەتی دواکەوتوی مەزهەبی‌دا، خەلکی کوردستان لە کۆت و بەندی نەتەوایەتی رزگار بکات.

پلاتفۆرمی ئیسلاح خوازانی کورد پروژەیەکە بۆ بەشداری دانی بورژوازی کورد لە دەسەلاتی سیاسی ناوچەیی و سەراسەری دا، هەتا لەو ریگایەوە لە چەوساندنەوەی چینی کریکار و خەلکی زەحمەتکیش دا بەشیکی زۆرتریان پی ببری. پلاتفۆرمی ئیسلاح خوازانی کورد پروژەی بەشداری دانی کەسانیك لە دەسەلاتی سیاسی‌دایە کە بەدریژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، لە تەواوی جەنایەتەکانی رژیم لە دژی خەلکی کوردستان دا دەستیان بووە یان مۆری تەئیدیان لە سەر داوە.

خەلکی کوردستان بە باشی دەزانن کە ئەوەی ئەوان لەوەدی هاتنی خواستەکانیان و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی نزیك دەکاتەوە، هیوادار بوون بە قەول و بەلینی‌یەکانی ئیسلاح خوازی کورد نییە، بەلکوو پەرەگرتنی خەبات لە دژی بنەماکانی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی‌یە.

خەلکی کوردستان لە هەلبژاردنیك دا کە بە پیوانەی خوارەوەترین ستانداردەکانیش ناتوانری نیوی هەلبژاردنی لی بنری، بەشداری ناکەن.

لە روانگەی کریکاران و خەلکی ئازادیخوازی کوردوستان، لە ولاتیك دا کە لە ئازادی هەلسورانی حیزبەسیاسی‌یەکان هیچ هەوا لیك نییە، لە ولاتیك دا کە لیبرالترین نەیارانی حکومەتی رەوانەی بەندیخانە دەکرین و رۆژنامەکان یەك لە دوای یەك دادەخرین، لە کۆمەلگایەك دا کە لە پیك هاتنی ناوەندە مەدەنی و کۆمەلایەتی‌یەکان پیشگیری دەکری و تەواوی پرۆسەی هەلبژاردن تا سندوقەکانی دەنگدان لە کونترولی رژیم دایە، لە شوینیك کە دەسکاری، جەعل و دەغەلکاری لە سەرەتاوە تا کۆتایی سیبەردەخاتە سەر پروسەی هەلبژاردن، هەلبژاردن هیچ مەشروعیەتیکی نییە.

بەشداری لەوهەلبژاردنەدا بەمانای مەشروعیەت دان بە رژیمیکە کە بەرهەمی سەرکوتی خویناوی شۆرشی جەماوەری خەلکە، یانی مەشروعیەت دان بە دۆخی کاری کویلەتی و بی ماف کریکاران، یانی مشروعیەت دان بە سیاسەتی ئاپارتایدی جنسی و تەحقیری هەر رۆژەی ژنان، یانی مەشروعیەت دان بە بەردەوام بوونی ستەمگەری نەتەوایەتی، یانی مەشروعیەت دان بە دەسەلاتی دارزیوی مەزهەبی، یانی پامال کردنی مافە تاکەکەسی و کۆمەلایەتی یەکانی لاوان، یانی مەشروعیەت دان بە هەزارو یەك بی بەشی دیکە.

کریکاران، خەلکی ئازادیخواز کوردوستان!

بەتەحریمی یەکپارچە و یەکگرتوانەی ئەو گالتە جاری هەلبژاردنە، جاریکی تر نەبونی مەشروعیەتی رژیمی کۆماری ئیسلامی بە خەلکی جیهان رابگەیینن.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەلە**

ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

جوزەردانی ١٣٨٤

**مەی ٢٠٠٥**

# بەریوە چوونی کۆبونەوەی گشتی "تەعاونی مەسکەنی" کریکارانی دوخانیاتی سەقز

کۆبونەوەی گشتی تەعاونی مەسکەنی کریکارانی دوخانیاتی شاری سەقز رۆژی دوشەممە ١٦ی جۆرەردان بەریوە چوو.

لەم کۆبووبونەوەیەدا ئەندامانی تەعاونی مەسکەنی شەریکەی دوخانیاتی شاری سەقز مەسەلەی جۆراوجۆر لە وانە پیشیل کاری شارەداری سەقزیان بە ماف دروست کردنی مالیان خستووتە بەر پاس شارەداری سەقز داوای ٣٠٠ملیون تمەن بۆ دەرکردنی مجەوز بە مەبەستی ساز کردنی مەسکەنی ئەندامانی تەعاونی خانوو بەرەی کریکارانی دوخانیات کردووە، هەروەها رایگەیاندووە کە ١١لە سەدی زەوییەکانی ئەم تەعاونیە بە بی دانی هیچ پارەیەك دەبی بدریت بە شارەداری سەقز.

جەلالی حوسینی، مەحموودی سالحی و سەید سالحی حوسینی ویرای قسەوباس و شی کردنەوە لە سەر ئەم بابەتانە بۆ ئەندامانی کۆبوونەوە، نارەزایەتیان سەبارەت بە کردەوەی شارەداری سەقز دەربریوە و لەگەل هاوپشتی بەشدار بووانی ئەم کۆبونەوەیە بەرەروو بونەتەوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەی گشتی دا کە ٢٢٥ کەس لە ئەندامانی تەعاونی تییدا بەشدار بوون ٢ پیشنیاری هەیئەتی بەریوەبەری تەعاونیەکە پەسەند کرا.

١_ تا رۆژی ١٣٨٤/٣/٢٣ مۆلەت دراوە بە شارەداری شاری سەقز تا سەبارەت ب نەهیشتنی گیروگرفتی ساز کردنی خانوبەرە لە زەوییەکانی تەعاونی مەسکەنی کریکارانی دوخانیات هەول بدات.

٢_ ئەگەر تا رۆژی دیاری کراو، سەبارەت بە داواکارییەکانی کریکاران هیچ هەولیك نەدریت، لە بەردەم شاەداری خۆپیشاندان بەریوە دەچیت.

ئەندامانی کۆبوونەوەی گشتی ویرای ئیمزا کردنی ٢ پیشنیاری پەسەندکراو بە دەربرینی رەق و نەفرەتی زۆر لە شارەداری کۆبوونەوەکەیان کۆتایی پی هینا.

**پاشماوەی مانگرتنی کریکارانی کارخانەی "ئالۆمین"ی سنە**

ئەم ناوەندە، و هەرئەمەش لەگەل دژایەتی کردنی کریکاران بەرەو روو بۆتەوە و کار گەیشتۆتە جیگایەك کە بەلگەی قەراردادی کاتی یان ساعەت ١١ی شەو بردۆتە لای یەکیك لە کریکارانی ئەم ناوەندە بە ناوی "جەمشید پەرکانیان" کە ١٧ پیشینەی کاری لەم ناوەندە هەیە.

ئەم کارەش دەبیتە هۆی ئەوەیکە لە باری دەرونیەوە کاریگەرییەکی خراپی لە سەر کریکاری ناوبراو هەبیت و بە داخەوە لە کاتی کاردا و بە هۆی روداویك ٤ قامکی یەکیك لە دەستەکانی دەپەری. دوای ئەم روداوە کریکارانی ئەم ناوەندە بۆ ماوەی ١٠ رۆژ دەست دەدەنە مانگرتن کە لە ئاکام دا خاوەنکار ناچار دەبیت کە حقوقی (١سال٤مانگ) یان بۆ حیساب بکات.

**پاشماوەی کوژران و بریندار بوون بە هۆی تەقینەوە لە رۆمادی عیراق**

ئەم تەقینەوەیە ئیواریی رۆژی پینج شەممە ١٢ی جۆزەردان روی داوە و لە ئاکام دا ٢پەنابەر بە ناوەکانی "سەتار قادر میروەیسی" و "فەرهاد ئەحمەد عەبدولغەفور قبادییە" گیانیان لە دەست دەدەن و ١٠کەسی تریش بریندار دەبن کە باری جەستەیی یەکیك لە بریندارەکان خراپ راگەییندراوە.

ئەم روداوە کاتیك روی داوە کە پەنابەرانی کوردی ئیرانی بە مەبەستی دابین کردنی پیداویستییەکانی بنەمالەکانیان خەریکی کار بوون.

جیگای باسە لە کاتی دەست پی کردنی شەری ئامریکا لە عیراق تا ئیستا پەنابەرانی کوردی ئیرانی نیشتەجیی لە ئوردوگای ئەلتاش چەند جار کەوتونەتە بەر هیرشی تیرۆریستی و دەیان کەسیان گیانیان لە دەست داوە.

***

## راگەیاندی هاۆبەش بۆ پشتییوان لە کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پیکهینانی ریکخراوی کریکاری

لە بانگهیشتی کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پیك هینانی ریکخراوی کریکاری پشتیوانی دەکەین!

بەم جۆرە ئیمە ئەو کەسانەین کە ئەم راگەیاندنەمان ئیمزا کردووە لە بانگهیشتی کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پیك هینانی ریکخراوی کریکاری پشتیوانی دەکەین و داوا لە هەلسوراوان وپیشرەوانی رادیکالی نیو بزوتنەوەی کریکاری دەکەین کە بە بەشداری هەلسوراوانەی خۆیان ئەم خەباتە چینایەتیە، بەهیز بکەن.

کومیتەی کریکاری تەولیدییەکانی تاران

کومیتەی کریکاری کارخانەی قەندی میاندواو

شورای دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "کارگەری پیشرۆ"

**پاشماوەی خۆپیشاندانی ئەندامانی سەندیکای کریکارانی شیرکەت واحیدی تاران**

ناوندی ئەم سەندیکایە هەلکەوتوو لە مەیدانی حەسەن ئاوا سەبارەت بە پیشگرتن لە هەلسورانی ئەم سەندیکایە نارەزایەتی‌یان دەربریوە

ئەندامانی سەندیکای شیرکەت واحید بریار بوو کۆبونەوەی گشتی سەندیکا بە مەبەستی تەئیدی ئەساسنامە، هەلبژاردنی هەیئەت مودیرە و چاوەدیرانی سەندیکا بەریوە بەرن، بەلام لەگەل پیشگیری هیزەکانی ئینتزامی بەرەورو دەبنەوە و ئەم کۆبونەوەیە بەریوە ناچیت.

ئەندامانی سەندیکای کریکارانی شیرکەت واحید ویرای ئاماژە بە مقاوەلەنامەی ٨٧ی ریکخراوی نیونەتەوەیی کار سەبارەت بە یاسایی بوونی هەلسورانی سەندیکا، نارەزایەتی خۆیان سەبارەت بە پیشگرتن بە هەلسورانی سەندیکا لەلایەن رژیمەوە راگەیاندووە.

جیگای باسە رۆژی ١٩ی گولان جەلەسەی هەیئەتی دامەزرینەری سەندیکای کریکارانی شیرکەت کەوتە بەر هیرشی بە کریگیراوانی خانەی کارگەر وشوراکانی ئیسلامی کار و لە ئاکام دا چوقوکیشانی خانەی کارگەر یەکیك لە ئەندامانی سەندیکایان بە ناوی "مەنسووری ئۆسانلو" بریندار کرد و کەل و پەلی شوینی جەلەسەکەیان تیك شکاند و تالانیان کرد.

# راگەیاندنی کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پیکهینانی ریکخراوی کریکاری

کریکارانی لە سەر کار دەرکراوی کارخانەی شاهۆی سنە بۆ بەدوادا چونەوەی داخوازیەکانیان چوونەتە ئیدارەی دابین کردنی کۆمەلایەتی لە تاران. چەند کەس لە ئەندامانی کومیتەی هاوئاهەنگی بە مەبەستی راگەیاندنی پشتیوانی لە داواکارییەکانی ئەم کریکارانە دەچنە ریکخراوی دابین کردنی کۆمەلایەتی، بەلام پییان دەلین کە کریکاران چوونەتە دەفتەری ناوەندی کارخانە لە تاران.

هەولی ئەندامانی کومیتە بو دۆزینەوەی ناونیشانی ئەم دەفتەرە بە مەبەستی گەیاندانی پەیامی هاوپشتی هیچ ئاکامیکی نەبوو.

بەم جۆرە ناوەرۆکی راگەیاندنی پشتیوانی کومیتە کە بریار بوو لە نیو کریکاران دا بخویندریتەوە بە ئاگاداریتان دەگەیەنین. جیگای ئاماژەیە پیش تریش مەحموودی سالحی وتەبیژی کومیتەی هاوئاهەنگی و جەلالی حوسینی لە هەلسوراوانی کریکاری سەقز لە نیو کریکارانی لە سەر کار دەرکراوی کارخانەی شاهو لە شاری سنە ئامادە دەبن و لە داواکارییەکانیان پشتیوانی دەکەن.

کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پیك هینانی ریکخراوی کریکاری

١٣٨٤/٣/١٠

راگەیاندنی پشتیوانی

بەم جۆرە "کومیتەی هاوئاهەنگی بو پیك هینانی ریکخراوی کریکاری "پشتیوانی خۆی لە چوونی کریکارانی لە سەر کاردەرکراوی کارخانەی شاهۆی سنە بۆ ریکخراوی دابین کردنی کۆمەلایەتی لە تاران بو وەدەست هینانی داواکارییەکانی خوارەوە، کە لە نامەی ئەم کریکارانە بۆ کۆنفیدراسیونی ئیتیحادییەکانی کریکاری ئازاد، ئاماژەی پی کراوە، رادەگەینیت.

١_ گەرانەوە بۆ سەر کار و راگرتنی لە سەر کار دەرکردنی کریکاران

٢_ وەرگرتنی تەواوی مەزایای یاسایی لەوانە ماف خانەنشینی

٣_ کۆتایی هینان بە گوشار خستنە سەر کریکاران بۆ بەستنی قەراردادی کاتی

٥_ وەرگرتنی حەقدەست و مەزایای یەکسان بۆ کریکارانی رەسمی و کاتی کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پیکهینانی ریکخراوی کریکاری

١٣٨٤/١٠/٣

# نامەی کونگرەی کاری کانادا بۆ خاتەمی سەبارەت بە مەحکوم کردنی دەستگیر کردن و هیرش کردنە سەر هەلسوراوانی کریکاری

کونگرەی کاری کانادا که نوینەرایەتی ٣ملیون کریکاری ئەم ولاتە دەکات، ویرای ناردنی نامەیەك بۆ خاتەمی سەروك کۆماری رژیمی ئیسلامی روداوەکانی ئەم دواییانە واتە دەستگیر کردنی هەلسوراوانی کریکاری و هیرش بۆ سەر سەندیکای کریکارانی شیرکەت واحیدی مەحکوم کردووە.

لە بەشیك لەم نامەدا هاتووە کە: ئیمە لە دەستگیر کردن و بی سەر وشوین بوونی ئاغای پەرویزی سالاروەند، کریکاری شیرکەتی ئیران خودرو ئاگادار بووین، کریکارانی ئەم شەریکەیە لە نالەبار بوونی بارودۆخی کار شکایەتیان کردووە، لە حالیکدا کە مودیرەکان بە شیوەیەکی سیستماتیك کریکارانیان خستۆتە ژیر گوشار تا بەرهەم هینان ببەنە سەری. کریکاران ئیجازەیان نییە ئیتتحادییەی خۆیان پیك بینن و زۆریك لە ئەوان بە شیوەی کاتی دامەزراون، لە بارودوخیك دا کە لە زوریك لە ماف و مەزایاکانی کریکارانی رەسمی بی بەهرەن. بە پیی راگەیاندنی کۆنفیدراسیونی جیهانی کریکارانی ئازاد ICFTU و سەرچاوەکانی تر، مودیرەکان رایانگەیاندووە کە دانی مەزایای سالی تازە لادەبەن و بە هەلس و کەوتی نابەرابەری خۆیان لە نیوان کریکارانی کاتی و رەسمی دریژە دەدەن.

لەم نامەیەدا ویرای ئاماژە بە دەستگیر کردنی پەرویزی سالاروەند و هیرش بۆ سەر سەندیکای کریکارانی شیرکەت واحید هاتووە، کونگرەی کاری کانادا ویرای هاودەنگی لەگەل ICFTUئەم کردەوەیە بە توندی مەحکوم دەکات. بە داخەوە زۆریکمان سەبارەت بە پیشیل کردنی ئاشکرای مافەکانی کریکاران لە ئیران نامەمان بۆ ئیوە نوسیوە.

لە سەرەتای دەیەی ٨٠تەواوی ریکخراوەکانی سەر بە خۆی کریکاران کەوتنە بەر هیرش و لە لایەن دەولەت و ریبەرایەتی ئیستای خانەی کارگەر و شوراکانی ئیسلامی ئەم ریکخراوانە داخران. لەو کاتەوە تا ئیستا دەولەتی ئیران ئیجازەی بە کریکاران نە داوە کەخویان ریك بخەن یان بە پیی بیرو رای خۆیان ریکخراو پیك بینن، کە ئەمە خۆی مافیکی مسوگەر و ناسراوی نیونەتەوەییە. تەنانەت دەولەتی ئیوە خانەی کارگەر و شوراکانی ئیسلامی کاریان وەکو ئورگانی سەرکوت و بەمەبەستی کونترولی ریکخراوی سەربەخۆ بە کار هیناوە.

لە کۆتایی ئەم نامەیەدا هاتووە، ئیمە دوپاتی دەکەینەوە کە ئیوە فەرمانی ئازاد کردنی دەست بە جی و بی ئەم لاو ئەولای پەرویزی سالاروەند بدەن و هەروەها فەرمانیك سەبارەت بە لیکولینەوە لە سەر ئەم روداوانە دەربکەن و ئیمە لەوە دلنیا کەن کە بەریوە چوونی جەلەسەکانی ئیتحادییە کریکارییەکان لە ئەمنیەت و بە بی دەستیوەردانی خانەی کارگەر، شوراکانی ئیسلامی کار و هیزەکانی ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی بەریوە دەچیت.

# جاریکی تر سەندیکای کریکارانی شیرکەت واحیدی ئۆتۆبوس رانی تاران کەوتە بەر هیرش

سەعات ١ی بەرەبەیانی رۆژی پینج شەممە ١٢ی جۆزەردان چەن کەسی نەناسراو بە کۆکتیل مۆلۆتۆف هیرش دەکەنە سەر بینای سەندیکای کریکارانی شیرکەت واحیدی ئوتوبوس رانی تاران هەلکەوتوو لە سەندیکای کریکارانی نانەواخانەکان و بەشیك لە بینای شوینی ئەم سەندیکایە ئاگر تی بەر دەوەن.

لەم هیرشەدا شیشەکان و بەشیك لە کەنالەکانی کولیری بیناکە تیك دەشکیندری و هیزەکانی ئینتیزامی و ئاگر کوژینەوە دوای ئەم روداوە لەم شوینە ئامادە بوون.

بە گۆیرەی راپۆرتەکان یەکیك لە ئەندامانی سەندیکا، ئەم هیرشەی لە دریژەی هیرشەکەی رۆژی ١٩ی گولان ناو لی بردووە و رایگەیاندووە: گروپیك لە نەیارانی ریکخراوە سەربەخۆکان ئامادەن هەموو کاریك بکەن بۆ ئەوەی، لە پیك هاتنی کۆبونەوەی گشتی سەندیکای کریکارانی شیرکەت واحید پیشگیری بکەن، بەلام کریکاران لە کۆبوونەوەکانی هەفتەی رابردوویان دا، بەلینیان داوە تا پای گیان بۆ پیك هینانی سەندیکای سەربەخۆ خۆراگری بکەن ونەقشە و پیلانی نەیارانی ئەم سەندیکایانە پوچەل بکەنەوە.

***

# دەستگیر کراوەکانی ئەووەلی مانگی مەی سەقز بۆ دادگا ئیحزار دەکرین

بە پیی راگەیاندنیکی ئەنجومەنی کارگەری جەمالی چراغ وەیسی جەلالی حوسینی و محەممەدی عەبدی پور سەر لەنوی بۆ دادگا ئیحزار کراون. پیویستە بووتری کە دادگایی کردنی پیشووتری ئەوان کە بریار بوو رۆژی کریکاری ئەمسال بەریوە بچیت، وەدواخرا. لەو ئیحزارەدا رۆژی دادگایی کردنی محەممەدی عەبدی پوور ١٨ی جۆزەردان و جەلالی حوسینی ١٩ی جۆزەردان راگەییندراوە. تاوانی هەر دووکیان لە ئیحزارییەکەدا، هەواداری لە کۆمەلە و کۆبوونەوەی نایاسایی راگەییندراوە.

هەروەها هادی تەنومەندیش یەکیکی تر لە هەلسووراوانی یەکی مەی سالی پیشووی شاری سەقز لەلایەن شۆعبەی یەکی دادگای سەقزەوە ئیحزارییەی بۆ هاتووە و رۆژی دادگایی کردنەکەی ١٩ی جۆزەردان راگەییندراوە. بە پیی دوایین هەوالەکان بورهانی دیوانگەر هەلسووراوی کریکاری و یەکیکی تر لە دەستگیر کراوەکانی یەکی مەی سالی پیشووی سەقزیش لە لایەن دادگاوە ئیحزارییەی بۆ ناردراوە.

***

# بەشداری تاونبارانی هیرش کردنە سەر کریکارانی شیرکەت واحیدی ئوتوبوس رانی لە کۆبوونەوەکانی سالانەی ILO

هەوالنیری کاری ئیران لە ژیر ناوی "هەیئەتی بالای کریکاری ئیران بەرەو ژینیو وەری کەوت،" هەوالی سەردانی هەیئەتیك لە لایەن خانەی کارگەر و شوورائیسلامییەکانی بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی سالانەی ریکخراوی جیهانی کار بلاو کردوتەوە.

کریکارانی ئیران ریکخراویکی سەربەخۆیان نییە، بەم پییە هیچ نوینەریکیان بۆ بەشداری کردن لە کۆبونەوەی سالانەی ریکخراوی جیهانی کار رەوانە نەکردووە. ئەم بابەتە بەردەوام لە لایەن هەلسووراوانی کریکاری ئیرانەوە راگەییندراوە و خەریکە بە ئاگاداری بزووتنەوەی کریکاری جیهانیش دەگات.

بەلام پیکهاتەی هەیئەتی بەشدار بووی ئەمسال بە هۆی بەشداری ٢کەس تایبەتمەندییەکی تری هەیە. حەسەنی سادقی دەبیری کانونی بالای شوورائیسلامییەکانی کار و پەرویزی ئەحمەدی پەنجەکی سەرۆکی هەیئەتی هاوئاهەنگی شوورائیسلامییەکانی کاری ئۆستانی تاران، هەر دووکیان لە هیرش کردنە سەر هەلسووراوانی سەندیکای کریکارانی شیرکەت واحیدی تاران. دەستی بالایان بووە.

بەشداری حەسەنی سادقی کەلەیەکەم رۆژدا حاشای لە بەشداری لەم هیرشە و ئامادەبوون لە شوینی روداوەکە دەکرد و هەروەها پەنجەکی کە هەردوکیان بەهۆی شکایەتی هەلسووراوانی کریکاری شیرکەت واحیدی ئوتوبوس رانی تاران، پەروەندەی قەزایی یان لە ئیران هەیە، بەشدارییان لە کۆبونەوەکانی سالانەی ریکخراوی جیهانی کار، بی حورمەتی کردنیکی روون و ئاشکرایە بە بزوتنەوەی کریکاری ئیران.

بزوتنەوەی کریکاری ئیران بە شیوازی جۆراوجۆر نیشانی داوە کە شوورائیسلامی‌یەکان و خانەی کارگەریان ناویت و نویترین نارەزایەتی کریکاران لە ری و رەسمی رۆژی کریکاری ئەمسالی خانەی کارگەر لە تاران بوو. نەتەنیا ئەمە بەلکوو تەنانەت شورا ئیسلامییەکان بەردەوام نیشانیان داوە کە ریکخراوی کریکاران نین. دوایین کردەوەی ئەوان هیرش کردنە سەر کریکارانی شیرکەت واحیدی ئوتوبوسرانی شاری تاران بوو. ئیستاکە نەتەنیا بزووتنەوەی کریکاری جیهان لە لیدان و بیحورمەتی پی کردنی کریکارانی شیرکەت واحیدی تاران ئاگادارە،بەلکوو هەلسوراوانی کریکاری شیرکەت واحید لە چاوپیکەوتنیك لەگەل بەریوەبەری گشتی ریکخراوی جیهانی کار لە تاران، تەواوی روداوی لیدان و بی حورمەتی پی کردن بە کریکارانیان بۆ ئەو بەرپرسە باس کرد.

هەر بەم هۆیەش لە بەر ئەوەیکە کریکاری نەبوونی خانەی کارگەر و شوراکانی ئیسلامی کار لە هیچ کەس شاراوە نیە، بە شداری کردنی ئەم چەند کەسە لە کۆبونەوەکانی ریکخراوی جیهانی کار هیچ پاساویکی نییە. بەشداری دەست و پیوەندەکانی سەر بەخانەی کارگەر لە کۆبونەوەکانی ریکخراوی جیهانی کار نەتەنیا هیچ ئیعتباریکیان پی نادات، بەلکوو ئەمە ریکخراوی جیهانی کارە کە زۆرتر لە جاران لە لای چینی کریکاری ئیران ئیعتباری خۆی لە دەست دەدات.

مەحموودی سالحی ١١ی جۆزەردانی ١٣٨٤

# تەحەسونی کریکارانی لەسەر کار دەرکراوی کارخانەی "شاهۆ" سنە لە بەردەم مەجلسی رژیم

بەیانی رۆژی سێشەممە٣ی جۆزەردان کریکارانی لە سەر کار دەرکراوی کارخانەی "شاهۆ"ی سنە لە نارەزایەتی بە لەسەر کار دەرکرانیان لە بەردەم مەجلیسی رژیم دەستیان دایەی تەحەسون. خاوەنکارانی کارخانەی "شاهۆ"ی سنە ماوەیەك لەمەوبەر ٥٥ کریکاری ئەم کارخانەیان لە سەر کارەکانیان دەرکردووە کە ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی خۆپیشاندانی ئەم کریکارانە. لەم تەحەسونە دا یەکیك لە کریکاران لە نارەزایەتی بە وەلام نەدانەوەی مەجلیسی رژیم بەداخوازیەکانیان بە مەبەستی خۆ کوژی خۆی خستوتە بەر ماشینیك. هەروەها دوابەدوای تەحەسونی رژیم و ژمارەیەك لە لیباس شەخسیەکان هیرشیان کردۆتە سەر کریکاران و بلاوەیان بە کریکاران کردووە.

# چاو خشاندنیکی کورت بە سەر خەباتی کریکارانی ئیران

– ٨٣کریکاری بیکار کراوی شیرکەتی "ئیران بەرەك"ی رەشت لە بەردەم خانەی کارگەری ئەم شارە لە نارەزایەتی بە وەرنەگرتنی ٦مانگ مەزایای خۆیان دەست دەدەنە خۆپیشاندان

–کریکارانی شارەداری سوسەنگرد لە نارەزایەتی بە نەدرانی حەقدەست و مەزایای چەند مانگی رابردووی خۆیان دەست لە کار دەکیشنەوە و لە بەردەم شارەداری ئەم شارە دەست دەدەنە خۆپیشاندان.–کریکارانی مەعدەنی "ئەلبۆرزی مەرکەزی" لە نارەزایەتی بە نەدرانی حەقدەست و مەزایای وەدواخراوی ٦مانگی خۆیان جاددەی سەواد کوهیان بەست.

–٣٠٠ کریکاری شیرکەتی سازمایە لە نارەزایەتی بە نەدرانی ٣مانگ حەقدەست ومەزایای وەدواخراوی خۆیان لە بەردەم خانەی کارگەری پاکدەشت دەستیان دایە خۆپیشاندان.

نزیکەی ٤٠٠ کریکاری مۆجتەمەعی دۆخانییاتی گیلان لە نارەزایەتی بە نەدرانی حەقدەست و مەزایای خۆیان دەستیان لە کار کیشاوە و مانیان گرت.

– ژمارەیەك لە کریکارانی "واحیدە بەرهەمهینەر و پیشەسازییە چکۆلەکان"ی پاریزگای گۆلیستان لە نارەزایەتی بە نەدارنی حەقدەست و مەزایای وەدواخراویان و هەروەها ئامادە بوونی چاوەدیرەکانی ئیدارەی گشتی کاروباری کۆمەلایەتی پاریزگای گۆلیستان لە شوینە کریکارییەکان و دەخالەت لە کاروباری ئەم واحیدە لە بەردەم خانەی کارگەری ئەم پاریزگایە دەستیان دایە خۆپیشاندان.

– کارمەندەکانی نەخۆشخانەی "زارا" لە نارەزایەتی بە نەدرانی ٧مانگ حەقدەست و مەزایای وەدواخراو خۆیان لە بەردەم ئۆستانداری ئیسفەهان دەست دەدەنە خۆپیشاندان.

–ژمارەیەك لە خانەنشینەکانی شارەداری ئەراك ویرای خۆپیشاندان لەبەر دەم شوورای شاری ئەراك خوازیاری دانی حەقدەست و مەزایای یەك مانگی رابردووی خۆیان دەبن.

– ژمارەیەك لە کریکاران کارخانەکانی "ئیران تۆرمە" و "تیهران پەتوو" ویرای خۆپیشاندان لە جاددەی قۆم –ئەراك خوازیاری دانی حەقدەست و مەزایا و پاداشتی وەدواخراوی ٢مانگی خۆیان بوون.

–ژمارەیەك لە کریکارانی لەسەر کار دەرکراوی شیرکەتی "پیرمیت"ی مەشهەد لە نارەزایەتی بە لە سەر کار دەرکرانیان لە بەردەم ئیدارەی کاری ئۆستانی خۆارسان دەست دەدەنە خۆپیشاندان و داوای گەرانەوە بۆ سەر کارەکانیان دەکەن.

– نزیکەی ٧٥کەس لە کریکارانی شیرکەتی "زەوبی ریکورد"ی مەشهەد لە نارەزایەتی بە نەدرانی ٣٠ مانگ حەقدەست و مەزایا و جیژنانە و پاداشتی وەدواخراوی خۆیان لە بەردەم ئیدارەی گشتی کاری پاریزگای خوراسان دەست دەدەنە خۆپیشاندان.

– کریکارانی "بەهمەن پلاستیك" لە نارەزایەتی بە نەدرانی ٦مانگ حەقدەست و مەزایای وەدواخراویان، جاددەی قەدیمی کەرەجیان بەست.

– کریکارانی مەعدەنی زوغالی سەنگی ئەلبۆرزی مەرکەزی لە نارەزایەتی بەنەدرانی ٦مانگ حەقدەست و مەزایای وەدواخراوی خۆیان جاددەی سەواد کوهیان بەست و لەبەردەم دادگوستەری سەوادکوە دەستیان دایە خۆپیشاندان.

– دوابە دوای داخرانی کارخانەی "تاج" کریکارانی لە سەر کار دەرکراوی ئەم کارخانەیە ویرای خۆپیشاندان لە بەردەم فەرمانداری ئیسلام شەهر خوازیاری دانی حەقدەست و مەزایای کریکارانی ئەم کارخانەیە بوون.

* کۆمەلیك لە کریکارانی ماسی گرتن لە نارەزایەتی بە نەدانی ئیجازەی ماسی گرتن، لە بەردەم شوورای شاری ئەروەندکنار دەستیان دایە خۆپیشاندان.

* کریکارانی کورەخانەیەکی شاری بجنورد لە نارەزایەتی بە داخرانی ئەم ناوەندە لەبەردەم فەرمانداری بجنورد دەستیان دایە خۆپیشاندان.

* کریکارانی دابەشکردنی ئاو و ئاوەرۆی ئاواییەکانی شاری ئابادان لە نارەزایەتی بە نەدرانی ٨مانگ حەقدەست، مەزایا و جیژنانەی سالی ٨٣ی خۆیان لە بەردەم فەرمانداری شاری ئابادان دەستیان دایە خۆپیشاندان و خوازیاری دانی حەقدەست و مەزایای وەدواخراویان بوون.

***

# چەند دیمەنیك لە خەباتی كریكاران لە ئاستی جیهان دا

٢٩ی گولان:

* نارەزایەتی گەورەترین سەندیكای كریكاری ئیتالیا سەبارەت بە هەلس و كەوتی خاوەنكاران لەگەل كریكارانی كۆچبەری ئەو ولاتە.

* پشتیوانی كریكارانی وینیزوئیلا لە كریكارانی ئیران و مەحكوم كردنی هیرشی دەست و پیوەندەكانی خانەی كارگەر و شوراكانی ئیسلامی كار بۆ سەر سەندیكای كریكارانی شەریكەی واحیدی تاران.

١ی جۆزەردان:

* پشتیوانی كریكارانی بریتانیا لە خەباتی كریكارانی ئیران بۆ پیك هینانی ریكخراوی سەربەخۆی كریكاری

* فەرمانبەرانی هەوالنیری "بی بی سی" لە نارەزایەتی بە بریاری مودیرانی ئەم هەوالنیریە سەبارەت بە لە سەر كاردەركردنی ٣٧٨٠فەرمانبەر دەستیان دایە مانگرتن

٣ی جۆزەردان:

* خۆپیشاندانی هەزاران بیكار لە فەلەستین كە خوازیاری ئەوە بوون كە دەولەت بۆ پیك هینانی دەرفەتی پیشەیی بۆ كریكارانی بیكار هەول بدات

* مانگرتنی سەراسەری هەزاران كریكاری شەریكەی "ئای بی ام" لە نارەزایەتی بە بریاری مودیران سەبارەت بە دەركردنی زیاتر لە ٤هەزار كریكاری ئەم شەریكەی

* ٦٠ كریكار لە ولاتی ئامریكا بە بیانوی بی ناوەرۆك دەستگیر كران و بریار وایە لەو ولاتە دەركرین

* هیرشی هیزەكانی پۆلیسی توركیە بۆ سەر خۆپیشاندانی كریكاران لە شاری "سیدی شەهر". ئەم خۆپیشاندانە لە نارەزایەتی بە دانی ناوەندە بەرهەم هینەرەكان بە كەرتی تایبەت بەریوە چووە كە لە ئاكام دا ٣٢كریكار بریندار بوون

* مانگرتنی ١١هەزار و ٥٠٠كریكاری شەریكەی ئوتوبۆس رانی شاری بیرلین، كریكارانی مانگرتوو خوازیاری چوونەسەرەوەی ٨ لە سەدی حەقدەستەكانیان بوون.

* خۆپیشاندانی هەزاران كریكار لە خەلكی ولاتی بولیوی، ئەم خۆپیشاندانە تا ئیستاش دریژەی هەیە و خەلك خوازیاری نەتەوەیی بوونی نەوت و گاز وەهەروەها پیشگرتن لە هەلسورانی شەریكە بیانیەكان لەم بەشانە دان.

* هەزاران كریكاری شەریكەی كوكاكۆلا لە ولاتانی ئامریكا و روسیە دەستیان دایە مانگرتن و خوازیاری چوونە سەرەوەی حەقدەستەكان و پیراگیشتن بە بارودۆخی بیهداشتی خۆیان بوون

٦ی جۆزەردان:

* نارەزایەتی هەزاران كریكاری كۆچبەر لە ولاتی كۆرەی باشوور لە نارەزایەتی بە دەركردنی ریبەری ئیتیحادییەی كریكارانی بیانی لە لایەن دەولەت.

* مانگرتن و نارەزایەتی كریكارانی شەریكەی "ئای بی ئیم" بەردەوام دریژەی هەیە كریكاران لە سەر داواكاریەكانی خۆیان پیداگری دەكەن.

١٠ی جوزرەدان:

* خۆپیشاندانی هەزاران كریكار و فەرمانبەر لە ولاتانی پاناما لە نارەزایەتی بە سیاسەتی دەولەت لەمەر بردنە سەرەوەی تەمەنی خانە نشینی لەم ولاتە

١٢ی جۆزەردان:

* مانگرتنی فەرمانبەرانی شەریكەی قەتارەكان لە فەرانسە، مانگرتووان خوازیاری چوونە سەرەوەی حەقدەستەكان و بارودۆخی كاری باشتر بوون

١٣ی جۆزەردان:

* مانگرتنی زیاتر لە ٩٥٠ هەزار فەرمانبەری شەریكەی موخابراتی پاكستان. دوای ١٠ رۆژ و قبول كردنی داواكاری فەرمانبەرانی سەبارەت بە وەدواخستنی پرۆسەی دانی بەشیك لەم شەریكەیە بە كەرتی تایبەت مانگرتنە كە كۆتایی پیی هات.

# نامەی ٣٠كەس لە كریكارانی لە سەر كار دەركراوی كارخانەی نەساجی شاهۆ بۆ دەبیری گشتی ریكخراوی جیهانی كار ILO (كونفیدراسیۆنی ئیتیحادییەكانی ئازادی كریكاری (جیهان)

ئیمە ٣٠كەس لە كریكارانی لە سەر كار دەركراوی كارخانەی نەساجی شاهۆ لە شاری سنە سكالای خۆمان لە خاوەنكاری كارخانەی شاهۆ و ئیدارەی كار سەبارەت بە پیرانەگەیشتن بە داواكارییەكانمان رادەگەیینین ئیمە خوازیاری پیراگەیشتن بە داوا كارییەكانمان و پشتیوانی ریكخراوەكانی كریكاری و ئیتیحادیەكانی كریكاری لە داواكارییەكانی كریكارانی لە سەر كار دەركراوین.

ئیمە كریكارانی لە سەر كار دەركراوی كارخانە شاهۆ هەركامەمان لانی كەم ٢٢تا ٢٧سال پیشینەی كارمان هەیە و لە سەرەتای ئەم سالەوە لە سەر كار دەركراوین. ئەمە لە حالیكدایە كە بە پیی یاسای كاری كۆماری ئیسلامی ئیران كریكارانیك كە لە شوینی دژوار و مەترسی دار دا خەریكی كارن و ٢٠سال پیشینەی كاریان هەیە، لە مافی خانەنشینی بەهرەمەند دەبن.

لە حالیكدا كە ئیمە لە ریبەندانی سالی رابردووەوە لە نارەزایەتی بە نەدرانی حەقدەستی وەدواخراوی خۆمان دەستمان داوەتە خۆپیشاندان و ئەمە وەكوو مافی مسۆگەر و بی ئەم لاوئەولای خۆمان دەزانین، بەلام لە لایەن خاوەنكارانەوە لە سەر كار دەركراین.

نارەزایەتی و خەباتی ئیمە زیاتر لە ٤مانگە دریژەی هەیە، هەر لەم پیوەندییەدا ئیمە چەند نامەیەكمان بۆ ئیدارەی كاری سنە، وەزارەتی كار و دیوانی عەدالەتی ئیداری ئیران ناردووە كە هەمویان، یان بێوەلام ماونەتەوە ویان لەوەلامدا پشتگیری لە خاوەنكار كراوە.

لە بەرانبەر ئەم گوشارانەدا ئیمە كریكاران دەستمان داوەتە نارەزایەتی و خوازیاری گەرانەوە بۆ سەر كارەكانمان و راوەستانی لە سەر كار دەركرانین، بەلام خاوەنكار و بەرپرسانی دەولەت هیچ بایەخیك بە نارەزایەتییەكانی ئیمە نادەن و گوشاریان خستوتە سەرمان تا كۆتایی بەنارەزایەتی خۆمان بینین.

بەم جۆرە ئیمە داواكارییەكانی خۆمان بە ئاگاداری ئیوە و هەموو ناوەندە كریكارییەكان لە تەواوی جیهان دەگەیینین و خوازیاری پشتیوانی لە داواكارییەكانی رەوای خۆمانین.

١_ ئیمە خوازیاری گەرانەوەی كریكارانی لە سەر كار دەركراو و راوەستانی لە سەر كار دەركرانی كریكارانین

٢_ ئیمە خوازیاری تەواوی مەزایای یاسایی خۆمان لەوانە مافی خانەنشینین

٣_ ئیمە خوازیاری كۆتایی هینان بە گوشار خستنە سەر كریكارانی شاغل سەربارەت بە ئیمزای قەراردادی كاتین، هەروەها خوازیاری رەسمی كردنی كریكارانی قەراردادین

٤_ ئیمە خوازیاری حەقدەست و مەزایای بەرانبەر بۆ تەواوی كریكارانی كاتی و رەسمین

بریارە رۆژی ٧ی جۆزەردان سەبارەت بە پیراگەیشتن بە سكالای ئیمە وت وویژیك لە نیوان نوینەرانی ئیمە و بەرپرسانی دەولەتی لە ئیدارەی كاری سنە بە ریوە بچیت. لەم پیناوەدا پیویستی مان بە پشتگیری و پشتیوانی ئیوە هەیە. پشیتوانی ئیوە یارمەتییەكی گەورەیە بۆ بەكردەوە دەرهاتنی داواكارییەكانی ئیمە.

داوا لە ئیوە دەكەین دەنگی نارەزایەتی ئیمە لە ئاستی جیهان دا بلاو بكەنەوە و بە مەحكوم كردنی ئەم گوشارانە لە خەباتی ئیمە پشتیوانی بكەن.

ئیمە لەم رۆژەدا هاوكات لەگەل بنەمالەكانمان و خەلكی شاری سنە پشتیوانیمان لی دەكەن لە شوینی وت وویژەكەدا ئامادە دەبین و ئەم بابەتەمان بە رەسمی راگەیاندووە. لە وەلام بەم بابەتەدا جیگری ئۆستانداری كوردستان هەرەشەی لە ئیمە كردووە كە هیزی ئینتیزامی لەو شوینە ئامادە دەبیت.

كریكارانی لە سەر كار دەركراوی كارخانەی شاهۆ و بنەمالەكانیان.

٣١ی گولانی ١٣٨٤

١_ ئەردەلان میرەكی ٢_ ئیسماعیل كازمی ٣_ سەید هادی ئەحمەدی ٤_ محەمەد عەلی حەبیبی ٥_ یەدولله حسین پەناهی ٦_ عەبدوللە شیروانی ٧_ سەید جەمیل ئەحمەدی ٨_ محەمەد سدیق زەندی ٩_ حسین ناسری ١٠_ سەید سدیق سەیدی ١١_ سەید عەیاز عەلی پەناه ١٢_ ئەمین ئەحمەدی ١٣_ حەبیب مەلازادە ١٤_ فەرەیدون پالیزی ١٥_ ئەمجەد تیری ١٦_ محەمەد ئەمین بەهمەنی ١٧_ محەمەد دونیائیان ١٨_ ئیبراهیم فەتحی ١٩_ توفیق مەنسوری ٢٠_ حەسەن خودامورادی ٢١_ فەتحولله حسین پەناهی ٢٢_ سدیق قەریەئی ٢٣_ حەسەن مەلكی ٢٤_ عەلی حوجەتی ٢٥_ خالد سەواری ٢٦_ سدیق میهری

# خۆسوتاندنی ٧ژن لە ماوەی یەك مانگ لە شاری كامیاران

لەم دواییانە دا ٢ژن لە شاری كامیاران دەستیان داوەتە خۆسوتاندن و گیانیان لە دەست داوە.

"تورانی خونبارە" ٢٧ سال تەمەن بە هۆی پیشگیری هاوسەرەكەی لە دریژەدان بە خویندن لە كەلاسەكانی دەرسی نیهزەتی سەواد ئاموزی و "شكوفە منبەری" ١٧سال تەمەن بە هۆی ئازار و ئەزیەت كردن لە لایەن باوك و براكانیەوە دەستیان داوەتە خۆسوتاندن و بەداخەوە هەردوكیان گیانیان لە دەست داوە.

جیگای باسە دیاردەی خۆسوتاندن لە شارەكانی كوردستان لە حالی پەرەسەندن دایە بەشیوەیەك كە لە ماوەی ١مانگی رابردوودا ٧ژن لە شاری كامیاران دەستیان داوەتە خۆستاندن.

# مانگرتنی كریكارانی كورەخانەكانی "سەردەرو" سەركەوتووانە كۆتایی پی هات

كریكارانی كۆرەخانەكانی "سەردەرو" لە رۆژی ٣١ی مانگی گولانەوە تا رۆژی ٧ی جۆزەردان بە مەبەستی بردنە سەرەوەی حەقدەستەكانیان، یەكگرتووانە دەستیان دایە مانگرتنیكی گشتی.

لە ئاكامی ئەم مانگرتنەدا كریكاران بە خەباتی یەكگرتووانەی خۆیان سەركەوتنیان بە دەست هینا و توانیان ئاستی حەقدەستەكانیان لە ٤هەزار تمەنەوە بۆ ٤٣٨٠تمەن لەبری درووست كردنی هەر ١٠٠٠خشت بگەیینن.

# كریكارانی لە سەر كار دەركراوی كارخانەی شاهۆ ویرای سەركەوتن بەلینی گەرانەوە بۆ سەر كاریان وەرگرت

ساعەت ٨ی بەیانی رۆژی شەممە ٧ی جۆزەردانی ٨٤ ، ٢٨ كەس لە كریكارانی لە سەر كار دەركراوی كارخانەی شاهۆ هاوریٚ لەگەل بنەمالەكانیان و ژمارەیەك لە خەلكی ئازادیخوازی شاری سنە ژمارەیەك لە كریكارانی سەقز لەوانە مەحموودی سالحی و جەلالی حوسینی، لە بەردەم ئیدارەی كاری سنە ئامادە دەبن.

ئەوان پلاكاردیكیان هەلگرتبوو كە لە سەری نوسرا بوو (یا ئیمە كریكارانی لە سەر كار دەركراو كە ٢٥سال پیشینەی كارمان هەیە بگەریننەوە سەر كارەكانمان و یان رابگەیینن كە ئیمە مافی ژیانمان نییە). هیزەكانی ئینتیزامی بە شیوەیەكی بەرچاو نارەزایەتی كریكاران بە ترسەوە دژە كردەوە نیشان دەدەن. كریكاران و پشتیوانەكانیان بە نیشاندانی تورەیی و نارەزایەتی خۆیان شەقامی جامی جەم دەبەستن.

دوای ئامادە بوونی كریكاران و بەستنی شەقام، مودیری گشتی ئیدارەی كار داوا لە كریكاران دەكات تا بە مەبەستی وتوویژ بچنە نیو بینای ئیدارەوە.

٢٨ كریكاری لە سەر كار دەركراو،بنەمالەكانیان و كریكارانیك كە لە شاری سەقزەوە چووبوونە سنە، دەچنە نیو سالۆنەكەوە. ژمارەیەك لە لاوانی شاریش هەول دەدەن بچنە نیو سالونەكەوە، بەلام كریكارانی لە سەر كار دەركراو بە باشی دەزانن كە ئەوان لە لای باقی بەشدار بووان بۆ پشتیوانی وتوویژە كە لە دەروەی سالۆنەكە بمینیتەوە.

داخوازییەكانی كریكاران بەم جۆرەی خوارەو گەلالە دەكرین

١_ گەرانەوە بۆ سەر كار ودانی حەقدەستی ئەو رۆژانەی كە ئیجازەی كاریان پیٚ نەدراوە.

یان

٢_ خانە نشین كردن

یان

٣_ بیمەی بیكاری تا كاتی خانە نشینی

جەلالی حوسینی بە نوینەرایەتی لە كریكارانیك كە لە شاری سەقزەوە هاتوون قسە دەكات و ویرای راگەیاندنی پشتیوانی لە مافەكانی رەوای كریكارانی لە سەر كار دەركراو خوازیاری وەدی هاتنی تەواوی داوا كارییەكانیان دەبیت.

دوای وت وویژی چرۆپر، نوینەرانی هەیئەتی دەولەت لەگەل خالی یەكەمی داواكاری كریكاران ریك دەكەون.

ئەوان بە نوسراوە بەلینی دەدەن تا كریكارانی لە سەر كار دەركراو بگەرینەوە سەر كارەكانیان و حەقدەستی ئەو رۆژانەی كە ئیجازەی كاریان پیی نەدراوە پییان بدەن.

كریكاران هەرەشە دەكەن كە شانە خالی كردن لە ژیر باری ئەم بەلینی‌یە بە پەرە گرتنی خەبات وەلام دەگریتەوە.

ئەم سەركەوتنە لەگەل شایی وخۆشی ئامادە بووان و خەلكی ئازادیخوازی سنە بەرەوروو دەبیت.

كریكارانی لە سەر كار دەركراو سپاسی خەلكی خەبات كاری شار و كریكارانی سەقز دەكەن. ئەوان رادەگەینن هاوپشتی كریكارانی سەقز لەگەل ئەوان و ئامادە بوونیان لە سنە بووە هۆی بەرز بوونی ورەی ئەوان. مەحموودی سالحی ویرای پیرۆزبایی ئەم سەركەوتنە داوا لە كریكاران دەكات تا ویرای هەول دان بۆ پیك، هینای ریكخراوی سەربەخۆ، چینایەتی و ئازادی خۆیان، ئەم دەستكەوتە بپاریزن و خۆیان بۆ بەرگری لە مافەكانیان لە داهاتوودا ئامادە بكەن.

كریكارانی لە سەر كار دەركراو بەش بە حالی خۆیان داوا دەكەن ئەم پەیوەندییانە بەردەوام وقایم تر بیت.

**ئە نجومەنی كریكاری ( جەمالی چراغ وەیسی )**

**٢٨ی ٢٠٠٥ ریكەوتی ٧ی جۆزەردانی ١٣٨٤**

# بەیانییەی پلۆنومی هاوبەشی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کومیتەی ناوەندی کۆمەلە

پلونۆمی هاوبەشی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کومیتەی ناوەندی کۆمەلە لە دوایین رۆژەکانی مانگی مەیدا بەریوە چوو و لە ماوەی دوو رۆژ کاری پربەپر، گرینگترین مەسەلە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی رۆژی دایە بەرباس و لیکۆلینەوە و بە ئاکامی کونکریتی گەیاندن.

باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە و ئاکامەکانی ئەو لە بنەرەت دا بە لیکدانەوەی بارودۆخی سیاسی ئیران، لە سەر سیاسەت، تاکتیك و شیوەنی کاری ئیمە لە پیوەند لەگەل هەل و مەرجی ژیان و خەباتی چینی کریکار و بزوتنەوە پیشرەوو کۆمەلایەتی یەکانی ئیران پیی داگرت.

هەولی پلۆنۆم ئەوە بوو کە هیلە گشتی یەکانی سیاسەتی ئیمە لەجەهەت ستراتیژی سیاسی حیزبی کۆمۆنیست لە ئیران و کۆمەلە لە کوردستانی ئیران، کە لە کونگرەکانی هەشتی و یازدەهەم دا پەسەند کراون، روون وردکاتەوە.

ئەو راستی‌یە بۆ هەمووکەس ئاشکرایە کە ئەمرۆ کۆمەلگای ئیران لە بەردەم ئال وگۆر و گۆرانکاری گرینگ و چارەنووس سازدایە. ئەو ئال وگۆرە لە سەرئەساسی دوو رەوتی جیاواز لەیەك لە ئارادان. سەرەتا، رەوتی خەباتی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش و ژیر ستەم بۆ ئال وگۆر لەو بارودۆخە فەلاکەتبارە کە بەسەر ژیانیان دا سەپاوە و دووهەم، هەولی رژیم و سەرمایە داری ئیران پیك هینانی ئال و گۆر بەمەبەستی دریژە دان لە مانەوەی خۆیان، خستنە ژیر رکیفی بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکان و نەهیشتنی کۆسپ وتەگەرەکانی هەرچی خیراتر تیکەلاو بوون لە بازاری سەرمایەی جیهانی‌یە.

ئەگەر هەر هەنگاوی بەرەو پیش چونی رەوتی یەکەم لە گرەوی بوونی ریبەرانی لیهاتوو و جەماوەری بوون و ریکخراو بوونیەتی، رەوتی دووهەمیش تیدەکۆشی تا لەو خالە هاوبەشانەی کە لە کردەوە دا دەرخسین، چالاکانە کار بکات، بۆ نەخشە و پلانەکانی خۆی ریبەر دروست کات و لە هەر ئاستیك دا کە بۆی بکری پەسەندی کۆمەلایەتی بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بۆوینە کاتیك کە حەرەکەتی بەرابەری خوازانەی ژنان لە کۆمەلگای ئیران دا گەشە دەکات، رژیمیش بەدیلی خۆی لە چوارچیوەی فیمینیزمی ئیسلامی‌دا دینیتە ئاراوە، کاتیك کە پیکهاتنی ریکخراوە کریکارییەکان بەری پی ناگیریّ، بۆ رەخنە کردن لەناو ریزەکانی بەرنامە دادەریژیّ، لە بزووتنەوەی کوردستان ئەنیستیتۆ و رۆژنامە و فراکسیۆن و ریبەری سیاسی و تیئۆریسییەن ریك دەخات. لە هەمووی ئەو بوارانەدا دەست بە دەست بوونی ناوەندەکانی دەسەلات لە نیوان بالە جۆراوجۆرەکانیش هیچ ئال وگۆریك لەو جەهەت گیرییەی رژیم دا پیك ناهینن. ئاشکرایە کە رژیمی دەسەلاتدار ناتوانی ئەو پرۆژەیە تەنیا لە ریگای دەست و پیوەندو بە کریگیراوانی وە بباتە پیشی. بۆ ئەوکارە هەول دەدات روخسارە خۆش نیوو جیگا متمانەکانی نیو ئەو رەوتە بدۆزیتەوە، لییان نزیك بیتەوە، ئیمتیازیان بداتی و لە کۆتاییش دا کارەکانی خۆی راپەرینی.

لەورووەوە دەبیّ پیچەلاو پیچ بوونی جم و جۆلەکانی دوژمن لە هەموو لایەنەکانیەوە بناسین. هیزو توانای رەوتی ئیمە لە خەبات لەگەل بۆرژوازی دەسەلاتدار لە ئیران نە تەنیا لە گەلالە کردنی درووشم و دەربرینی هەلویستی رادیکال، بەلکوو لە بەرەو رووبوونەوەیەکی بەکردەوە دا لە محەك دەدری، کە لەوندا سیاسەتەکانی رژیمی دەسەلاتدار و بۆرژوازی ئیران بۆ دووبەرەکینانەوە لە نیو ریزەکانی خەلکی زەحمەتکیش و بزووتنەوە ئازادیخواز و پیشرەوەکانیان لە ئاستی جەماوەری دا بەرپەرچ دەدرینەوە و بە شکست دەکیشرین. ئامانجی ئیمە روخاندنی کۆماری ئیسلامی لە ریگای سازماندانی ئەو جەماوەرە کریکار و خەلکی زەحمەتکیش و کریکارەیە کە خوازیاری پیکهاتنی ئال وگۆر لە ژیانی ئەمرۆیی خۆیان و بۆ وەدیهاتنی هەول دەدەن. بەو پییە ستراتیژی ئیمە هاوکات لەگەل ئەوەیکە ئاسۆ روونی رزگاری لە چنگی رژیمی ئیسلامی، رەفاە، ئازادی و بەرابەری راستەقینە بەرەوروویان دەکاتەوە، دەبی کاریگەری خۆی لە باشتر کردنی بارودۆخی سەخت و دژواری ئەمرۆ کەشیان نیشان بدات، یانی بوونی ئەو رەوتەش هەم ئەورۆکە پیویست و بەکەلك بیت و هەم هیوا بەرزگاری یەکجاری لەو کۆمەلگایە زیندوو راگری و بە هیزی کات. بەرەوپیشبردنی وەها سیاسەتیك، بیجگە لە بە پیکهینانی هاوپشتی لە نیو ریزەکانی چینی کریکار و لە نیو ریزەکانی بزووتنەوە پیشکەوتنخوازە کۆمەلایە تییەکان، مومکین نییە.

لەورووەوە سیاسەتەکانی حیزبیك کە خاوەنی بەرنامەی روون و هەیە، لەو بوارە عەمەلی‌یاندا دەبی بەر لە هەر شتیك یەکگرتویی پیك بینی،پشت ئەستوربی بە خەبات لە پیناو کۆتایی هینان بە دوبەرەکایەتی لە نیو هیزی کریکاران دا، گەرایشە جۆراوجۆرەکانی نیو ئەو چینە لە نیو ریزی خەباتکارانە و یەکگرتووانەی خۆیان لە دژی سەرمایەداری و بۆ باشتر بوونی بارودۆخی ژیانیان دا بگونجینن.

رەوتی ئیمە دەبی پیداویستی‌یەکانی هەلسوران لە ئاستی بەرینی عەلەنی و کۆمەلایەتی دابین بکات. نابی تەسلیمی بە فیرۆدانی هیز و وزە لە کەش وهەوایەکی بەرتەسك دا بیت. کیشمەکیشی سیاسی و چینایەتی رەوتە رادیکال و سۆسیالیستەکان لەگەل ئەو رەوتانەی کە دەیانهەویّ چەوسانەوەی چینی کریکار دریژەی هەبی و دەسەلاتی بۆرژوازی هەتاهەتایی بکەن، دەبی لە بوارە بەرتەسکەکانی حیزبی و ریکخراوەیی و چالاکییەکان لە تاراوگە بیتە دەری و بکیشریتە نیو مەیدانی خەباتی شیلگیر و چارەنووس سازی نیو کۆمەلگای ئیران و لە چارەنووسی هەر حەرەکەتیك بۆ ئال و گۆر، لە چکۆلەوە تا گەورە دەخیل بیت و ئەنگیزە و مەشغەلە حیزبی و تەشکیلاتییەکانی خۆشی هەر لەو رووبەرووبوونەوەیە بگریّ.

رەوتی ئیمە دەبی لە ئاستی جیهانی و چالاکی لە دەرەوەی ولات لە کەش و هەوای بەرتەسکی سوننەتی خۆی بیتە دەری، دەبی هەلسووراوی چالاکی بزووتنەوەی جیهانی دژی نیئۆلیبرالیزم و سەرمایەداری بیت.

راکیشانی پشتیوانی و هاوپشتی ناوەندە کریکاری و بزووتنەوەی جیهانی دژی سەرمایەداری لە خەباتی چینی کریکار و خەلکی ئازادیخوازی ئیران بخاتە دەستووری کاری خۆی.

لە پیوەند لەگەل هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئیران، کۆبوونەوەی هەردوو کومیتەی ناوەندی لە سەر بانگهیشتی خەلك لە سەراسەری ئیران بۆ بەشداری نەکردن و تەحریمی چالاکانەی ئەو شانۆگەرییە پیداگری کرد. لیکدانەوەی کۆبوونەوە ئەوە بوو کە خەلکی بە شیوەیەکی بەربلاو بایەخ بەو شانۆی هەلبژاردنە نادەن و هەر ئەو راستییەش حیزب و رەوتە بۆرژواییەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی لە کوردستان و لە ئیران کە لە رابردوو بە بیانووی جۆراوجۆر خەلکیان بۆ بەشداری لە شانۆکانی هەلبژاردن بانگهیشت دەکرد، لە رووی بی مەیلی‌یەوە خستۆتە بەرەی تەحریمی ئەو هەلبژاردنە. هەر لەم بوارەدا بە پیی چەند راگەیاندنیکی جیاجیا لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزب وکومیتەی ناوەندی کۆمەلە بانگەواز بۆ خەلکی کراوە کە بە بەشداری نەکردن بەربلاوی خۆیان لەو شانۆگەرییەی هەلبژاردن دا، مەشروع نەبوونی رژیمی ئیسلامی بۆ جاریکی تر بەتەواوی دونیا رابگەیەنن.

لە پەیوەند لەگەل چالاکی تەشکیلاتی، پلۆنۆمی هاوبەش دامەزراندنی کانالیکی تەلەویزیۆنی ماهوارەیی بە نیوی "کۆمەلە" پەسەند کرد و ئۆرگانی بەرپرسی بۆ جیّبەجیّ کردنی کاروباری ئیجرایی، فەننی و عەمەلی دیاری کرد.ئیمە هیواداریـن کە بەردەوام بوونی یارمەتی‌یە ماددی و مەعنەوییەکانی پشتیوانانی رەوتی رادیکال لە بزووتنەوەی کوردستان، ئیمە لە دانان و بەربلاو کردنەوە و ئیدامەکاری ئەو ناوەندە یارمەتی بدەن.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران
کومیتەی ناوەندی کۆمەلە
ژوئەنی ٢٠٠٥ زایینی
ریکەوتی جۆزەردانی ١٣٨٤ ی هەتاوی

# نامەی کۆمەلیك لە کریکارانی شیرکەتی "ئیران خۆدرۆ" بۆ بەریوەبەری گشتی ریکخراوی نیوەنەتەوەیی کار

کۆمەلیك لە کریکارانی ئیران خودرۆ بە ناردنی نامەیەك بۆ بەریوەبەری گشتی ریکخراوی نیونەتەوەیی کار سەبارەت بە بەشداری دەست و پیوەندەکانی خانەی کارگەر لە دانیشتنەکانی (کۆبونەوەی گشتی) ئەم ریکخراوەیە، نارەزایەتیان دەربریوە وخوازیاری دەرکردنی ئەم هەیئەتە بوون.

لە بەشیك لەم نامەیەدا هاتووە:

بەریز ئاغای خوان سوماویا

بەریوەبەرایەتی گشتی ریکخراوی نیوەنەتەوەیی کار

بە پیی راگەیاندنی راگەیەنەرە گشتییەکان لە دانیشتنەکانی "کۆبونەوەی گشتی" ئەم ریکخراوەیە کە لە رۆژی ٣٠ی مانگی مەی تا ١٦ی مانگی ژۆئەن لە ژینیو بەریوە دەچیت بە داخەوە دیسان کەسانیك وەك نوینەری چینی کریکاری ئیران بەشداری دەکەن کە لە هیچ هەلبژاردنیکی دیمۆکراتیك دا وەکوو نوینەری کریکاران هەلنەبژیردراون.

بەمجۆرە ئیمە کریکارانی ئیران خودرو یەکیك لە گەورەترین ناوەندەکانی بەرهەم هینەر کە زیاتر لە سیّ هەزار کریکار تییدا خەریکی کارن رادەگەیەنن، ئەم کەسانە نوینەری راستەقینەی ئیمە کریکاران لە ئیران نین و نارەزایەتی خۆمان سەبارەت بە وەرگرتنی ئەم هەیئەتە بۆ بەشداری لە کۆبونەوەکانی ریکخراوی نیونەتەوەیی کار رادەگەیەنن.

بەریز، دەبیری گشتی

هەروەکو ئاگادارن ئیمە کریکارانی شەریکەی ئوتۆمبیل سازی ئیران خودرۆ بە زیاتر لە سی هەزار کریکارەوە لەم ناوەندە بەرهەم هینەرە گەورەیەدا بە هۆی قەدەغە بوونی پیك هینانی ریکخراوی کریکاری لە هەبوونی هەرجۆرە نوینەری کریکاری بی بەشین و هیچ کەسیکمان وەك نوینەری خۆمان نییە.

لە ئاکام دا هەیئەتی بەشداری ئیرانی، نوینەری ئیمە کریکاران نین. بەلکوو سەربە ریکخراوی خانەی کارگەرن کە نەتەنیا نوینەری ئیمە کریکاران نین، بەلکوو ریکخراویکی سەر بە دەولەت و خاوەنکارانە، لە بەر ئەوەی کە لە ئەساس نامەکەی دا هەل ومەرجیکی تییدایە کە هەموو کریکاران ناتوانن تیّدا ئەندام بن.

خانەی کارگەر دژی پیکهینانی ریکخراوی کریکاری بووە و نمونەی ئەویش ریکخستنی هیرش کردنە سەر کریکارانی شیرکت واحید و سەندیکای ئەوان بوو، نمونەیەکی تریش و گوشار خستنە سەر کریکاران بە پشتیوانی کردن لە پالیوراویکی دیاری کراو لە هەلبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئیران و هەروەها بیّحورمەتی کردن بە کریکارانی نارازی لە رۆژی ئەووەلی مانگی مەی رۆژی جیهانی کریکار کە لە یاریگای ئازادی کۆبونەوە و داخوازییەکانی خۆیان وەك ماف مانگرتن، ماف نارەزایەتی و کۆبوونەوە، ماف پیکهینانی ریکخراوی کریکاران جیاواز لە دەولەت، لاچوونی شەریکە پەیمانکارییەکان، لابردنی قەراردادەکانی کاتی و حەقدەستی یەکسان بۆ تەواوی کریکاران لە سەرەوەی هیلی هەژاری کە ٤٥٠هەزار تمەنە گەلالە کرد.

لە ئاکام دا ئیمە کریکارانی ئیران خۆردۆ کە یەکیك لە گەورەترین ناوەندەکانی بەرهەمهینەری ئیرانە، ئەم ریکخراوەیە وەك نوینەری خۆمان نازانین و خۆازیاری دەرکردنی ئەوان لەم کۆبوونەوە نیونەتەوەییەکانین.

ئیمە کریکارانی ئیران خۆدرۆ بە هۆی نەبوونی ماف پیکهینانی تەشەکول، نەبوونی ماف ئازادی هلسۆرانی تەشەکول، نەبوونی ماف ئازادی رادەربرین و ئازادی کۆبوونەوە، ماف مانگرتن، نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی بە هەبوونی شەریکە پەیمانکارییەکان و قەراردادەکانی کاتی، نەبوونی ئەمنییەتی گیانی بە هۆی نەپاراستنی ئیستانداردەکانی ئیمەنی، نەبوونی ئاسایشی کۆمەلایەتی و نەبوونی ماف بیمەی بیکاری و هەروەها دەرکردنەکان و لەخوارەوەبوونی حەقدەستەکان و کەمتەرخەمی وزارەتی کار لە بەرامبەر ئەم داخوازیە ئینسانیانەی ئیمە و پشتیوانی ئەم وزارەتە لە خاوەنکاران، خوازیاری لابردنی کورسی وزارەتی کاری ئیران لە ریکخراوی جیهانی کارین.

**کۆمەلیك لە کریکارانی ئیران خودرۆ**

## کۆبوونەوەی تەبلیغاتی مستەفا مۆعین لە شاری سەقز بایکۆت کرا

ئیوارەی رۆژی دوشەممە ١٦ی جۆزەردان، مستەفا مۆعین پالیوراوی ئیسلاح خوازی حکومەتی بە مەبەستی تەبلیغی هەلبژاردن چۆتە شاری سەقز.

جەلەسەی تەبلیغاتی ناوبراو لە مزگەوتی جامیعی ئەو شارە ریکخرابوو، مۆعین سەعات ٨ی ئیوارە بەمەبەستی سوخەنرانی دەچیتە ئەو مزگەوتە، بەلام جگە لە هاوریکانی خۆی و چەند مەئموریك کە بۆ پاراستنی لەگەلی بوون کەسی تر لەو شوینە ئامادە نەبوو.

چەند لاویك بەمەبەستی گالتە پی کردن چوونەتە ئەو شوینە و چەند پرسیاریکی گالتە جارانەیان ئاراستەی ئاغای مۆعین کردوە. دواتر مۆعین و هاوریکانی سەر شۆرانە شوینەکە بەجی دەیلین.

بایکوتی وشیارانەی خەلکی خەباتکاری شاری سەقز، بە شیوەیەکی بەربلاو لە نیو شاردا دەنگ دەداتەوە و دەبیتە هۆی شادی و خۆشحالی خەلك و بیّهیوایی بۆ بەرپرسانی رژیم.

**پاشماوەی ٣٥ سال خوراگری...**

ئەمرۆ بیّ ناوەرۆك بوونی بیانووەکانی ئەمریکا بۆ دەس پیکردنی ئەو شەرە و هۆکارە سەرەکی‌یەکانی، بۆ هەموان روون بۆتەوە. ئەمرۆ بۆ خەلکی ئەمریکا و بۆ هەموو خەلکی دنیا دەرکەوتوە کە بایەخی گیان و مال و ژیانی ئینسان، چ ئەمریکایی بی و چ ویتنامی و چ هەر رەگەز ونەتەوەیەکی‌تر لە پیناو سیاسەت و ستراتژی‌یە پاوەن خوازانەکانی بەریوەبەردانی ئەمریکادا چەندەیە. سیاسەتیك کە هەر تەنیا لەوشەرەدا بووە هۆی بە کوشت دانی نزیکەی ٦٠هەزار سەربازی ئەمریکایی و نوقسان و بریندار بوونی سەدان هەزار کەسی دیکەیان. سیاسەتیك کە بۆ بەریوە بردنی، جەنایەتکارانیکی وەکوو "گوردانی ١٠١" ناسراو بە "گوردانی پلینگەکان" ی بۆ پەروەردە کرابوو. سیاسەتیك کە ئەمرۆش نەك کاربەدەستانی ئەمریکا نکۆلی لی ناکەن بەلکوو بە شیوەی جۆراوجۆر بە زەبری ناپالم و تیکنۆلۆژی مالویرانکەری نیزامی لە گۆشە وکەناری دنیادا رەچاوی دەکەن و خۆشیان بەرانبەر بە هیچ کەس و هیچ دەزگایەکی نیونەتەوەیی بە بەرپرس نازانن. ئیستا، سی سال لەو رۆژە تیپەر دەبی و خەلکی کۆلنەدەری ویتنام بە رازاندنەوەی شەقام و کۆلانەکانی ئەو ولاتە سالرۆژی سەرجەم زیاتر لە ٣٥ سال خەبات و خۆراگری کۆلنەدەرانەیان ریز دەگرن. ئەمرۆ لە هەمان کاتدا وەبیر هینەرەوەی ئەو راستی‌یەیە کە لە دنیای واقع دا ئەوە تەنیا زۆری چەك و ملهوری نیزامی نی‌یە کە دەتوانی چارەنووسی کۆمەلانی خەلکی دنیا دیاری دەکات، بەلکوو گەلیك هۆکار وفاکتۆری دیکەش هەن کە دەتوانن و دەبی لەم مەیدانەدا دەور بگیرن. یەکیك لەوانە وەك فاکتۆریکی بە هیزو سەرەکی، یەکگرتوویی و ریکخستنی هیزی خەبات و تیکۆشانی کۆمەلانی خەلك لە پیناو وەدی هینانی ماف دیاریکردنی چارەنوسیان دا و پشت بەستن بەو هیزەیە.

فاروقی نەقشی

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 206 jun: 2005

# بانگهیشتی وت وویژی ریکخراوی جیهانی کار لەگەل دەست و پیوەندەکانی خانەی کارگەر و شوورا ئیسلامییەکانی کار مەحکومە!

بەشداری ئینسان کوژەکانی رژیمی ئیسلامی لە کۆنفرانسی جیهانی کار بە توندی مەحکوم دەکەین و رادەگەیینین کە کریکارانی ئیران لە ریکخراوی سەر بەخۆی کریکاری بێ بەشن و خانەی کارگەر و شورا ئیسلامییەکانی کار نەتەنیا هیچ پیوەندییەکیان لەگەل بەرژەوەندی چینی کریکاری ئیرانەوە نییە، بەلکوو لە کوشتنی هەلسوراوانی کریکاری لە ماوەی ٢٧سال دەسەلاتی رەشی رژیمی ئیسلامی پشیتوانی سەرمایە هەلسوراوانە بە شدارییان کردووە، خۆیان راستەوخۆ لە جەنایەتەکانی رژیمی ئیسلامی شەریك بوون.

ئیمە داوا لە ریکخراوی جیهانی کار دەکەین کە لە هەر جۆرە بەرەسمییەت ناسینیکی ئەم جەنایەتکارانە خۆ بپاریزیت لە بەر ئەوەیکە هەر جۆر چاوپیکەوتن و وت وویژ لەگەل دەست و پیوەندەکانی خانەی کارگەر و شوورائیسلامییەکانی کار لە روانگای چینی کریکاری ئیرانەوە بێ ئیعتبار و مەحکومە.

ئه نجومەنی کریکاری ( جەمالی چراغ وەیسی ) ٢٠٠٥/٥/٤

# به نه چوون بو پای سندووقەکانی دەنگدان، گالتە جاری هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری به شکست بکیشن!

"هەلبژاردنی" نۆهەمین دەورەی سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئیران لە بارودۆخیك دا دەست پی دەکات کە رژیم لە جەرگەی قەیرانیکی سیاسی و دەریایەك لە رق و بیزاری گشتی دریژه به ژیانی دەدا.

بالی موحافزەکار کە هاوکات لەگەل کردنە دەرەوەی ئیسلاح خوازەکانی ناو حکومەت لە ناوەندەکانی هیز بوونەتە بەریوەبەری سەرەکی ئەو گالتەجاری هەلبژاردنە، لەگەل قەیران و چەند بەرەکی بەرەورووییە، موحافزەکارەکان کە رسوا بوون و ناکارامەبوونی فیل و تەلەکەکانی خۆیان بە مەبەستی هینانی خەلك بۆی پای سندوقەکانی دەنگدان تەجربە کردووە، ستراتیژی مانەوەی خۆیان بە دەسەلاتدارییەتی کەمینەیەکی چالاك بەسەر زۆرینەیەکی بێ دەنگ و هەولی چروپر لە جەهەت ریککەوتنی سیاسەت و کردەوکانی خۆیان لەگەل پیویستیەکانی سەرمایەداری ئیران و تیکەلاوبوونی هەرچی زیاتر لە بازاری جیهانی سەرمایە بە ستۆتەوە. ئەوانە دەیانهەوی باشتر بوونی پیوەندی لەگەل ئۆروپا، چارەسەری قەیرانی هەستەیی و گرفتی پیوەندی گرتن لەگەل ئامریکا لە یەککەوتن لەگەل ستراتیژی ناوچەیی ئامریکا چارەسەر بکەن.

ئەوە لە حالیکدایە کە دوابە دوای شکست و رامالینی ئیسلاح خوازانی حکومەتی لە بەشەکانی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی، ستراتیژی ئیسلاحی رژیم بە تەواوی رەنگی گۆری و چەند بەشیکی بەرین لە ئۆپۆزۆسیونی بۆرژوایی کە هیوایان بە ئیسلاحی رژیم لە ناوەوە بەستبوو، لەگەل سەر لیشیواوی و قەیران بەرەوروو بوون.

ئۆپۆزۆسیۆنی لیبرالی لایەنگری ئیسلاحات، ئەگەرچی ستراتیژی ئیسلاحی رژیمی ئیسلامییان وەکوو رینوینی کردەوەکانی خۆیان داناوە، بەلام سەرەرای بازار گەرمی چەند بەشیکیان بۆ ئەو شانۆیەی هەلبژاردنە، تا ئیستا نەیانتوانیوە لە ئاست ئەو سیاسەتیکی ریك و پیك بگرنە بەر.

لەوەها بارودۆخیك دا دامەزراندنی تەشەککولی چینایەتی و جەماوەری کریکاران، مسۆگەر کردنی دەستکەوتەکانی تا ئیستا، پیکهینانی تەشەککولە جەماوەرییەکانی ژنان و سازماندانی ئەوان لە دەوری خواست و دواخوازییە رادیکال و شۆرشگیرەکان، ریکخستن و سازماندانی بزوتنەوەی دانشجویی لە دژی رژیم و لە دژی ستراتیژی لیبرالی، بە هیزتر کردن و پتەوتر کردنی هەرچی زیاتری جیگا وشوینی حەرەکەت و ئالترناتیوی سۆسیالیستی نیو بزوتنەوەی کوردوستان، ئەوانە ئەو ئامرازانەن کە خەبات بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و شۆرشی کریکاری بەرەو پیشی پال پیوە دەنین.

هەلسووراوان و پیشرەوانی بزووتنەوەی کریکاری و باقی بزووتنەوە شۆرشگیرەکان بە باشی لە گرینگی و بایەخی بە شکست کیشانی ئەو گالتەجاری هەلبژاردنەی رژیمی ئیسلامی ئاگادارن. لە روانگەی چینی کریکار و بزووتنەوە. ئازادیخوازەکانی ئیران، رژیمیك کە بەرهەمی سەرکوتی شۆرشی جەماوەری خەلکە، رژیمیك کە هەر نارەزایەتی و هاواریکی ئازادیخوازانە بە زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام وەلام دەداتەوە، رژیمیك کە لەگەل ئازادییە سیاسییەکان بیگانەیە، رژیمیك کە سەبەبکاری تەواوی بی مافی‌یە تاکە کەسی، سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەکانە، نە خۆی و نە هەلبژاردنەکانیشی، هیچ مەشروعییەتیکیان نییە، ئەو رژیمە دەبی برووخی.

چینی کریکار و خەلکی ئازادی خواز بە نەچوون بۆ پای سندوقەکانی دەنگدان، رەوا نەبوونی ئەو رژیمە بە تەواوی دونیا رادەگەیینن و گالتەجاری هەلبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە نیزامی دواکەوتووانەی ئیسلامی بە شکست دەکیشن.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

جۆزەردانی ١٣٨٤

مەی ٢٠٠٥

# بەشیك لە قسەکانی مەحموودی سالحی لە کونفرانسی کانونی پاریزەرانی مافی مرۆڤ

رۆژی دوشەممە ٢ی جۆزەردان لە لایەن کانونی پاریزەرانی مافی مرۆڤ کۆنفرانسیك بەریوە چوو. لە لایەن ئەم کانونەوە مەحموودی سالحی یەکیك لە هەلسوراوانی کریکاری ئیران بە مەبەستی بەشداری لەم کۆنفرانسەدا بانگهیشت دەکریت.

ئەم کۆنفرانسە بە بەشداری دەیان کەس لە هەلسوراوانی سیاسی و پاریزەری مافی مرۆڤ بەریوە چوو کە هەرکام لە بەشدار بووان لە قسەو باسەکانی خۆیان دا لایەنەکانی بێ مافی ئینسانیان لە ئیران خستە بەرچاو و خوازیاری کۆتایی هینان بە م هەمووە بێ مافی‌یانە بوون.

یەکیك لە وتەبیژەکانی ئەم کۆنفرانسە "مەحموودی سالحی" هەلسوراوی ناسراوی کریکاری بوو.

مەحموودی سالحی: لەگەل ریزم بۆ هەموو بەشدار بووان، من ویرای هاوری بوون لەگەل قسەی وتە بیژانی بەریز، دەمهەویت ئاماژە بە چەن دیر لە پەیوەند لەگەل کوردوستان و پیشیل کردنی مافی شارۆمەندی لەم پاریزگایە بکەم، کە بە داخەوە دەنگی ئیمە ناگاتە هیچ شوینیك و رۆژنامەکان و چاپەمەنییەکانی ئیرانیش هیچ ئاوریك لە ئوستانە چکۆلەکان نادەنەوە، لە راستی‌دا دەبی بووتری کە رۆژنامەکانی تاران نەك ئیران، لە ناوچەکەی ئیمەدا هەموو شتیك لە ژیر دەستی ١١٣دایە کە هەمان ئیدارەی ئیتلاعاتە. ئەم ١١٣یە تەنانەت دەست لە ژیانی خسوسی خەلکیش وەردەدات.

کاتیك نوینەری کریکاری بیهەویت خۆی بۆ هەلبژاردنەکانی سینفی کاندید بکات، دەبی ١١٣ رای لە سەر بدات بە پیچەوانەی ئەوە ئەگەر زۆرترین دەنگیشی هینابیتەوە وەرناگیریت یان ئەو نوینەرانەی کە لایەنگری لە مافەکانی کریکاران دەکەن دەکەونە بەر هەرەشە، یان دەبی شار بە جی بهیلین و یاخود کە دەستگیر دەکرین. لە شاری ئیمە چەند رۆژ لەمەوبەر کەسیك بە ناوی "جەمالی خوسرەوی" لە لایەن هیزەکانی ئینتیزامیەوە دەستگیر دەکریت و بۆ رۆژی دواتر جەنازەکی دەدەنەوە دەست بنەمالەکەی و دەیان شتی تری لەم چەشنە.

من بۆ خۆم تەنیا بە تۆمەتی بەشداری کردن لە ریێ و رەسمی رۆژی ئەووەلی مانگی مەی، دەستگیر کرام ودواتر بەدانی وەسیقەی ٢٠٠میلیون تمەنی ئازاد کراوم کە بری ئەم پارەیە بەرابەرە لەگەل کاری ١٥٥سالی کریکاریك لە ئیران، یان لە رۆژی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن من لە لایەن ئیدارە ئیتلاعاتەوە بانگهیشت کرام و دوای هەرەشە و گورەشەی زۆر داوایان لی کردم کە ٨ی مارس لە مالی نەچمە دەری. کاتیك لەگەل ئەم کردەوە نایاساییە دژایەتیم کرد کەوتمە بەر هیرش و دوقامکی دەستی راستی‌منیان شکاند. ئیستا کە هیندیك کەس لەو مەسەلەیە دوودلن.دەلین وەزارتی کیشوەر و ئتیلاعات لەم مەسەلەیە ئاگادار نییە.

بەلام من دەلیم تەواوی ئۆرگانەکانی دەولەتی لەم نابەرابەری و بێ عەدالەتییە ئاگادارن. هاورییانی من! ئیمە نابیت لەم شتە دوودل بین و گومانیکمان بیت کە دەولەت دەیهەویت ریگا بۆ ئەوە خۆش بکات تا ئیمە تەشەکولەکانی خۆمان پیك بینین، ئیمە نابی چاوەراوانی دەولەت بین، ئیمە دەبی بۆ خۆمان هەول بدەین و وەخۆ کەوین. دەولەت تەنیا دەتوانی ئەم ریکخراو و تەشەکولانە سەبت و تومار بکات.

***



# حەقدەستی کریکارانی نانەواخانە کان لە کوردستان مانگانە ٨٠هەزار تمەنە

کریکارانی نانەواخانەکان لە کوردستان، تەنانەت بە پیی یاسادژی کریکاریەکانی رژیمی ئیسلامیش لە لانی کەمی حەقدەستی دیاریکراو لە لایەن وەزارەتی کاری ئەو رژیمە بێبەشن و ویرای کارکردن لە بارودۆخیکی دژوار، لە مانگ دا تەنیا ٨٠ هەزار تمەن حەقدەست وەردەگرن و هاوکات لە مەزایای کاری، بیمەی تەئمینی ئیجتماعی و "بۆنی کارگەریش" بێ بەشن.



## پیشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

## ئیدیتۆر:

ئیبراهیم عەلیزادە

## کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

Add: Sulimania- Zerguez

Tel :

0044707- 7520- 781

0044707- 7567- 855

Fax: 00447043129273

E-mali: Komalah@komalah.org

## دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

C.D.C.R.I

BOX 70445

107 25 Stockholm-Sweden

Tel/Fax: 46- 08- 86 80 54

e-mail: cpi@cpiran.org

ئینترنت:

سایتی کۆمەلە

www.komalah.org

سایتی رادیو کۆمەلە

www.Radiokomaleh.Com

www.cpiran.org

## نوینەرایەتی کۆمەلە لە کوردستانی عیراق

Add: Sulimania-Rezgary

Tel: 3124760 - 3125815:

E-mail: Komalah@hotmail.com

## نوینەرایەتی کۆمەلە لە دەرەوەی ولات

k.k .

p.o.Box 75026

Box: 750 26

uppsala - Sweden

Tel/Fax: 46- 18- 46 84 93

e-mail : komala@cpiran.org



## دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران:

جومعە بەیانیان ٨ تا ٩ شەوانە : ٢١ تا٢٢

شە پولی کورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

## دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ کۆمەلە):

نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤ ئیواران: ١٩ تا ٢٠ شەوانە: ٢٢ تا ٢٢/٣٠

شەپولی کورت رەدیفەکانی: ٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆهیرتز

٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆهیرتز ٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆهیرتز